# رێبازی رۆژهەڵاتناسان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ فەرموودەکان

# The Methodology of Orientalists in studying of Hadiths

د. ناصح كريم عبدالله، (زانکۆی هەڵەبجە)

م.ی. ئارام علی مجيد (زانکۆی سلێمانی)

## پوختەی

ئەم توێژینەوەیە گومانی هەندێ لە رۆژهەڵاتناسان لە خۆدەگرێت سەبارەت بە فەرموودە (چ لە ڕووی سەنەدەوە وە چ لەرووی مەتنەوە وە چ پیاوانی فەرموودە). توێژەرانیش هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە لە شیکاریەکی وردی گومانەکان و وەڵامدانەوەکانیان بە شێوەیەکی زانستی و بەڵگەداری و پشتبەستوو بە چەند رێبازێکی توێژینەوە. لە کۆتایشدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخەن کە گومانەکانی رۆژهەڵاتناسان (بە تایبەت گۆڵدزێهەر و شاخت) پشتیان بە هیچ بەڵگەیەکی زانستی و سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو نەبەستووە.

## پێشەکی

پرۆژەی رۆژهەڵاتناسان لە شێواندنی چەمکە ئیسلامیەکان چەندین ڕوو لە خۆدەگرێت و لە زیاتر لە مەیدانێکدا خۆی دەبینێتەوە، یەکێك لە مەیدانە سەرەکیەکانیش: پەیوەندی رۆژهەڵاتناسانە بە فەرموودەکانی پیغەمبەری ئیسلامەوە – (دروودی خودای لەسەر بێت). لەراستیدا هەریەك لە زانایانی فەرموودەناسانو رۆژهەڵاتناسان لە بواری توێژینەوەی فەرموودەدا بەدوای وەڵامی یەك پرسیاردا گەڕاون کە ئەویش ئەوەیە: ئایا ئەو فەرموودانەی کە ریوایەتکراون راستو دروستن‌و فەرموودەی پێغەمبەری ئیسلامن، یاخود بەنزیکەی دوو سەدە دواتر دروستکراون؟ لەم ڕووەوە هەردوولا بەچاوی ڕەخنەوە دەڕواننە گێڕانەوەکان، بەڵام هەریەك لەم دوو گروپە رێبازێکی جوودا، تا ئەندازەیەك دژبەیەکیان، پەیڕەو کردووە بۆ گەیشتن بە راستو دروستی فەرموودەکانو رێبازی توێژینەوەو ئامانجەکانی کنەکردنیان لەم بوارەدا جیاواز بووە. لەم توێژینەوەیەدا ئێمە دەمانەوێت زۆرترین رۆشنایی بخەینە سەر رێبازو ئالییەتی توێژینەوەی فەرموودە لای رۆژهەڵاتناسان. وە ئەوە نیشانی خوێنەر بدەین کە تاچەند رۆژهەڵاتناسان توانیویانە رێبازێکی توێژینەوەی سەرکەوتوو بگرنەبەرو تاچەندیش توانیویانە لەو رێبازەدا بێلایەنانە توێژینەوە لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام، محمد (دروودی خودای لەسەر بێت)، بکەن. دەکرێت پرسیاری ئەم توێژینەوەیە ئەوەبێت کە: ئایا تا چەند رۆژهەڵاتناسان توانیویانە رێبازێکی توێژینەوەی دروست بگرنەبەر لە پشکنین‌و گەڕان بەدوای راستو دروستی فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلامدا؟

بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە، دەگەڕێینەوە بۆ دوو توێژەری بەناوبانگ لەناو رۆژهەڵاتناساندا کە ئەوانیش هەردوو رۆژهەڵاتناس ئیگناز گۆڵدزهێر-(١٨٥٠-١٩٢١) Ignaz Goldziher وە جۆزیف شاخت –(١٩٠٢-١٩٦٩) Joseph Schacht ـە کە دوو رۆژهەڵاتناسی دیارو بەرچاون و پێشرەو بوون لە دروستکردنی گومان و رەتکردنەوەی فەرموودە لە رۆژئاوادا. گۆڵدزهێر لەرووی ئاینییەوە کەسێکی جوولەکە بووە. ئەو بە باوکی توێژینەوەی فەرموودە دادەنرێت لەرۆژئاواداو لەدوای بڵاوبوونەوەی یەکەم کتێبی بەناوی: (توێژینەوەی ئیسلامیی - Muhammedanische Studien (Muslim Studies)) کە دوو بەرگەو بەتایبەت لەبەرگی دووهەمدا گۆڵدزهێر قسە لەسەر فەرموودە دەکات. ئەم پەڕاوە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٩٠ بڵاوکرایەوەو پاشان زانکۆ رۆژئاواییەکان بیریان لەوەکردەوە توێژینەوەی فەرموودە-Hadith Studies بکەن بە بابەتێکی سەرەکی لەزانکۆکاندا. بەڵام لەهەمان کاتدا، وەك کێزیل ئاماژەی پێدەدات، بەر لە گۆڵدزهێر، کەسایەتی دیاری بواری ئەدەبی گوستا وەیڵ (١٨٠٨-١٨٨٩) باسی لەوە کردووە لە کتێبەکەیدا بەناوی (Geschichte der Chaliphen) کە پێویستە تەواوی

فەرموودەكانی نێو كتێبەكەی بوخاری رەد بكرێنەوە. ([١]) واتە راستە گۆڵدزهێر بۆ یەكەمین جار بە توێژینەوەیەكی تەواوەوە دێتە مەیدان لەم بوارەدا، بەڵام بەر لەویش كەسانێتر هەبوو كە هەمان دەرئەنجامی توێژینەوەكەی ئەویان باسكردووە، بەڵام بەبێ لێكۆڵینەوەیەكی وورد.

هەروەها جۆزیف شاخت لەپەڕاوی (بنەماكانی فیقی ئیسلامی - The Origins of Muhammadan Jurisprudence) كە لەساڵی ١٩٥٠ بڵاوكراوەتەوە زۆرتر گرنگی بەوە دەدات كە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە كە ئایا چۆنو بەچ شێوەیەك فەرموودەو یاساكانی ئیسلام سەریان هەڵداوەو دواتر چوار مەزهەبی سەرەكی گەشەیان كردووە؟([٢]) هاوكات هەر سەبارەت بەم دوو رۆژهەڵاتناسە ئەلشەهری ئاماژەی بەوەداوە كە ئەم دوو نووسەرە رۆڵو كاریگەری گەورەیان هەبووە لە ئاڕاستەكردنی بیرو تێگەیشتنی خوێنەرانو توێژەرانی رۆژئاوا لەسەر فەرموودەكانی پێغەمبەری ئیسلام. ([٣])

گرنگیدان بەم دوو رۆژهەڵاتناسەو بەتایبەت نووسراوەكانیان لەسەر فەرموودە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە بەشێوەیەكی گشتی رۆژهەڵاتناسان هەمیشەو هەردەم لەنێو بازنەی بیركردنەوەی ئەم دوو رۆژهەڵاتناسەدا سووڕاونەتەوەو شتێكی دیارو بەرچاو جیاوازیان نەوتووە. وە ڕاو بۆچوونی ئەم دوو رۆژهەڵاتناسە تاوەكو ئێستاش جێگەی بایەخن لای ئارەزوومەندانی توێژینەوەی فەرموودە لە رۆژئاوادا. پاشان لەدوای بڵاوبوونەوەی پەرتووكەكانی ئەم دوو رۆژهەڵاتناسە، كەم تا زۆر مسوڵمانانیش دەكەونە ژێر كاریگەری تێروانینەكانیانەوەو راو و بۆچوونەكانی ئەم دوو كەسایەتییە دەبن بە رەوتێكی دیارو بەرچاو، بەتایبەت لە هندستانو پاشان جیهانی ئیسلامییدا.

گرنگی توێژینەوە: گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەكاتێكدایە ئەمرۆ فەرموودە ڕووبەڕوی هەڵمەتێكی ترسناك بوەتەوەو یەكێك لە پاڵنەرە سەرەكیەكانی ئەم هەڵمەتەش كاریگەربوونی هەندێ لە موسڵمانانە – بە ئاگایی و بێ ئاگایی- بە راو بۆچوونەكانی رۆژهەڵاتناسان. لێرەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆ پوچەڵكردنەوەی هەندێ لە گومانی رۆژهەڵتناسان بەرامبەر فەرموودەو هاوكات بەربەستێكیشە لە بەردەم هەڵمەتی نازاستی هەندێ لەو موسڵمانانەی كاریگەربوون بە مۆدیرنەو بیری رۆژهەڵاتناسان.

ئامانجی توێژینەوە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشكراكردنی چەند پلانێكە لە پلانەكانی رۆهەڵاتناسان سەبارەت بە فەرموودە (سەنەد، مەتن، پیاوانی فەرموودە) وە ناساندنی ئەو پلانانەیە بە خوێنەری كورد، بەپێی میتۆدیكی زانستی و لۆژیكی دوور لە وتاری وەعزی و سۆز ئامێز.

ڕێبازی توێژینەوە: ئەو ڕێبازەی توێژەران پشتیان پێبەستووە لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە هەردوو ڕێبازی ( وەسفی شیكاری) وە ( ڕێبازی مێژوویی). چونكە لە ڕێی هەردوو ڕێبازەوە توانراوە وەڵامی زانستی ئەو گومانانە بدرێتەوە كە ڕۆژهەڵاتناسان سەبارەت بە فەرموودەكانی پێغەمبەری ئیسلام وروژاندوویانە.

پلانی تویژینەوە: جگە لەم پێشەكییەی كە باسكراوە، ئەم توێژینەوەیە پێكدێت لە: توێژبەندی یەكەم: بابەتیبوون (الموضوعية) لای رۆژهەڵاتناسان. توێژبەندی دووەم: دانەپاڵ (الاسقاط) لای رۆژهەڵاتناسان. توێژبەندی سێیەم: ڕێبازی رۆژهەڵاتناسان لە مامەڵەكردنیان لەگەڵ زنجیرەی گێڕەرەوەكان (السند). توێژبەندی سێیەم: ڕێبازی رۆژهەڵاتناسان لە مامەڵەكردنیان لەگەڵ دەقو نووسینەوەی دەق (المتن). وە لە كۆتا بەشدا دەرئەنجامو راسپاردەكانی توێژینەوەكە دەخرێتەڕوو.

**توێژبەندی یەكەم: بابەتیبوون (الموضوعية) لای رۆژهەڵاتناسان**

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا دەخرێتە ڕوو لە رەفتاری رۆژهەڵاتناسان سەبارەت بە سوننەت، دڵۆپێكە لە دەریای (دانەپاڵ – الاسقاط) و یاریكردن بە دەقەكان و ونكردنی راستیەكان لە لایەن رۆژهەڵاتناسانەوە و هەوڵی رۆژهەڵاتناسان سەبارەت بە سوننەت (گوفتاری و كرداری). گرنگە هەموان ئەو راستیە بزانین كە (ئەو دەنگ و دەنگۆیانەی ئەمڕۆ لە سەر سوننەت هەیە - بە رەهایی - شتێكی نامۆ نیەو درێژە پێدەری بۆچوونەكانی قورەیشە بەرامبەر پێغەمبەری ئەكرەم (درودی خودای لەسەر بێت) و وتنەوەی ئەو قسانەیە كە پێشتر هەندێ لە گروپە لادەرەكانی سەدەی یەكەمی كۆچی سەبارەت بە فەرموودەو هاوەڵانی پێغەمبەر و پیاوانی فەرموودە كردوویانەو دواتریش رۆژهەڵاتناسان لە جەنگی فیكریاندا پشتیان پێ بەستووەو لە روی فیكریەوە ئاسەواری خۆی بەجێهێشتووە).

بێ گومان توێژینەوەو لێكۆڵینەوەكانی رۆژهەڵاتناسان فرە ئامانج و فرە رەهەندن و هەر یەكەیان ویستویەتی لە كەلێنیكەوە دزە بكات و خزمەت

به دەزگا تەبشیری و تەنسیریەکان بکات. ئەمەش لە ڕێی تانەدان و ڕەخنەگرتن لە ئیسلام و قورئانو پەیامبەرەکەی (درودی خودای لەسەر بێت) وە هەر بابەتێك پەیوەندی بەو سیانەوە هەبێت.

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا تویژەران دەیانەوێت قسەی لە سەر بکەن، زۆر بە کورتی، هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتناسانە دەربارەی سوننەت لە چەند روویەکەوە، لەوانە:

- هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتناسان لە سەنەدی فەرمووده

- هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتناسان لە مەتنی فەرمووده

لێرەدا مەسەلەیەکی زۆر گرنگ هەیە کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتناسان بە شێوازێکی زۆر وردو شاراوە دیدو بۆچونەکانیان دەخەنەڕوو کە زۆر جار خوێنەر توشی سەرسام بوون دەکەن و وای لێدەکەن هەست بە ئامانجە پڕ مەترسیەکانیان نەکات. زۆر جاریش پشت بە فەرموودەی لاواز دەبەستن لە بەڵگەهێنانەودا. بۆ نموونە: گۆستاف لۆبۆن کە بە ڕۆژهەڵاتناسێکی بە ویژدان ناسراوە، دەربارەی نیمچە دورگەی عەرەب دەڵێت: «سەرچاوەو شوێنی ئەو دەوڵەتە فراوانەیە کە خەلیفەکانی موحەممەد دایانمەزراند».([٤])

لێرەدا لۆبۆن دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێ کە پێغەمبەری ئیسلام (درودی خودای لەسەر بێت) هیچ ڕۆڵێکی نەبووە لە بونیادنان و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی. ئەم بۆچونەش هەڵقوڵاوی تێروانین و ئاراستەیەکی ڕۆژئاوایی کڵیسایی سیکۆلارە کە دەڵێت: «دع مالله لله و ما لقیصر لقیصر». ([٥])

هەروەها دەڵێت: «موحەممەد لە گەڵ مامی جارێك گەشتیان کرد بۆ سوریاو هەر لەوێ لەگەڵ قەشەیەکی نەستوری ئاشنایەتی پەیدا کردو لەو قەشەوە زانستی تەوراتی وەرگرت». ([٦])

مەبەستی لۆبۆن ئاماژەیە بۆ ئەو ریوایەتەی ئیبنو هیشام لە(سیرە)کەیدا هیناویەتی. بەڵام پاش گەڕانەوەمان بۆ لای ئیبنو هیشام دەبینین ناو براو ئەم روداوەی بە سیغەی (تضعیف وتمریض - لاوازو نەخۆش) هێناوە دەستەواژەی (وەك دەڵێن)و (پێیان وایە) هەشت جار دووبارە دەکاتەوە([٧]). ئیمامی تیرمژیش بە سەرهاتی بوحەیرا دەگێڕێتەوەو دەلێت: ئەم فەرمودەیە (حسن غريب)ەو لە سەنەکەیدا (عبدالرحمن بن غزوان) هەیە کە ئیمامی زەهەبی لە بارەیەوە دەڵێت: (مناكيری) هەیە([٨]). ئیبنو سەیدولناسیش دەڵێت: (مەتن)ی ئەم ریوایەتە(نكارە)ی تیدایە([٩]). لە لایەکی تر ڕۆژهەڵاتناسان زۆرینەی جار نابابەتیانە مامەڵە دەکەنو دەقەکان دەشێوێنن و زۆر جاریش پشت بە ریوایات و بەڵگەی لاواز دەبەستن.

**توێژبەندی دووەم: دانەپاڵ (الاسقاط) لای ڕۆژهەڵاتناسان**

دانەپاڵ Projection: فێڵێکی دەروونییەو پوختەکەی ئەوەیە کەسێك شکستی خۆی یان کەموکوڕیەکانی یان ترس و بیمی شاراوەی کە دانیان پێدا نانێت، بداتە پاڵ کەسانی تر، یان شتەکان، یان بێ چانسی. ئەمەش بە مەبەستی خۆدزینەوەو خۆدەربازکردن، یان بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئازارەکانی دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە تاوان و بێزاری و ڕەخنەی کۆمەڵگە.([١٠])

ئەم چەمکە ڕاستەوخۆ ڕۆژهەڵاتناسان دەگرێتەوەو ئەکرێت بە سەر ئەواندا جێبەجێ بکرێت؛ چونکە ئەوان دەیانەوێت خۆیان بدزنەوە لە چەندین ڕاستی پەیوەندیدار بە ئاینی کڵیسا (نەك ئاینی یەکخواپەرستی عیسا پێغەمبەر – درودی خوای لە سەربێت-) وە ئینجیلەکانو چەندین بابەتی تر، وە لەولاشەوە کەموریەکانی ئاینەکەی خۆیان بە تاوانبارکردنی ئیسلام (وەك ئایین و قورئان و پێغەمبەر) داپۆشن. بێ گومان ئەو هەموو گومان و شێواندن و قسە هەڵبەستراوانەی کە ئاراستەی ئیسلام و قورئان و پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) و مێژووی ئیسلامی دەکرێت لە لایەن دەزگا ڕۆژهەڵاتناسیەکانەوە، ئامانج لێیان ئەوەیە موسڵمانان هەڵوێستی ئەو (تاوانبارە بەرگریکارەیان) هەبێت کە بە هەموو توانایەکیەوە بەرگری لە خۆی دەکات، تا لە هەڵمەتەکانی (سەرکۆنە- إدانة) پارێزراو بێت.

ڕۆژهەڵاتناسان کە لە پێکهاتەی جولەکەو گاورن، هەولەکانیان چڕ دەکەنەوە بۆ قسەکردن لە سەر ئەم بابەتانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ئیسلامەوە هەیە:

١. ئیسلام داهێنراوێکی ئاینی عیسایە (درودی خوای لەسەر بێت)

٢. قورئان داهێنراوی موحەممەدە (درودی خودای لەسەر بێت) و خۆی دایناوە

٣. دژایەتی نێوان ئایەتەکانی قورئان

٤. ئیسلام ئاینێکە دژی زانست دەوەستێتەوە

٥. ئیسلام مافی ژنی نەداوە

٦. ئاینی ئیسلام بە شمشێر بڵاوبووەتەوە

٧. پێغەمبەری ئیسلام پەرکەمی لەگەڵدا بووە

٨. سوننەت دەستهەڵبەستی هاوەڵانەو دەرهاویشتەی ململانێی سیاسیو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە موسڵمان نشینەکانە.

ئێمە لێرەدا چەند نمونەیەك لە پرۆسەی (دانەپاڵ) دەخەینەڕوو کە تایبەتە بە (کتێبی پیرۆز) تا بزانین رۆژهەڵاتناسان چۆن کەموکوڕیەکانی ئەو کتێبە دەشارنەوە بە پەنابردن بۆ دروستکردنی گومان لە سەر قورئان و فەرموودە گوفتاری ورەفتاریەکانی پێغەمبەر.

(فرنس گرێس) کە نوسەرێکی ئیسپانیە، دەربارەی کتێبی پیرۆز دەڵێت: توێژینەوەو بەدواداچوونە زانستیەکان بە بەڵگەی بەهێز ئەوەیان سەلماندووە کە هەشتا ئیسحاح لە کۆی هەشتاو نۆ ئیسحاح، بێجگە کۆپی و وێنەیەکی (کریشنە) و (بوزا) شتێکی تر نیە.([١١])

پرۆفیسۆر (رۆدەلف سیادیڵ) کە زانایەکی پرۆتستانتی و مامۆستایە لە زانکۆکانی ئەلمانیا لە کتێبەکەیدا (ئەفسانەی بوزا) دەڵێت: «لە کۆی ئەو بیست و هەشت ئیسحاحەی کە ئینجیلی (مەتا) پێکدەهێنن، تەنها دوو ئیسحاحیان خاڵیە لە سروت و گۆڕانیە ئاینیەکانی ئاینی هیندۆسی، واتە بیست و شەش ئیسحاحیان راستەوخۆ یان لە ژێر کاریگەری سروتە ئاینیەکانی هیندۆسیدا نوسراونەتەوە.  وە لە ئینجیلی (مەرقیس) کە لە شازدە ئیسحاح پێکدێت، تەنها هەردوو ئیسحاحی حەوتو دوازدە وەرگیراو نین. وە ئینجیلی (لۆقا) کە لە بیستو چوار ئیسحاح پێکهاتووە، تەنها ئیسحاحەکانی دوازدەو شازدەو بیست دزراوو دەستهەڵبەست نین. سەبارەت بە ئینجیلی (یۆحەننا)ش ئەوا تەنها هەر یەك لە ئیسحاحەکانی دەیەم و هەڤدەهەم وەرگیراو نین([١٢]).  زانای پرۆتستانیو مێژوونووسی ئاینەکان (هایبل) جەخت لەسەر هەمان بۆچوونەکانی (رۆدەلف سیادیڵ) دەکاتەوەو زیاتر لە سیو شەش دەقی کتێبی پیرۆز دەخاتە روو کە لە سەرچاوە بتپەرستیەکانەوە وەرگیراون.([١٣])

پرۆفیسۆر (بێرنهاد سیپێس) کە شارەزاو پسپۆڕە لە ناسینەوەی زمان و نووسینە سەنکریتییەکان و نووسینی بزماری، دان بەوەدا دەنێت کە زۆربەی هەرەزۆری (پەندەکانی) ناو ئینجیلەکان، کۆپی و هەڵقولاوی پەندو قسەی پێشینانی هیندۆسی و ئاشووری و سۆمەریەکانن، بە تایبەت زنجیرەی ئەو پەندانەی کە لە ئیسحاحی پازدەهەمی ئینجیلی لۆقادا هاتوون([١٤]). هاوکات (هیلشەر)یش، کە زانایەکی لاهوتی پرۆتستانتیەو بە رەگەز ئەڵمانیە، زیاتر لە بیست ساڵ بەدواداچوونی کردووە بۆ ژیانی (بۆڵس) و لە دواجار بەو ئەنجامە گەیشتووە کە کاری پێغەمبەران و نووسینی ئینجیلەکان، ساختەو درۆ و دەلەسە و شتی بێسەروبەرە، کە پیاوانی کلیسا لە دوای ساڵی ١٤٥ ی زاینی ئەنجامیاداوە([١٥]). لەلایەکیتریشەوە (ئینسکلۆپیدیای فەرەنسی)ش رایەکی زۆر گرنگ ئاشکرا دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو کە تێکڕای سەرچاوە گاوریەکان کاری (پۆڵس - شائول)ە یان کاری شوێنکەوتووانی، وە ئەو ناوانەش (یۆحەننا، مەرقیس، مەتا، لۆقا، و هتد) ناوانێکی ساختە و خوازراون و هیچکام لەوانە ناوی راستەقینە نیە.([١٦])

**توێژبەندی سێیەم: رێبازی رۆژهەڵاتناسان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ سەنەدی فەرموودەکان**

لە ئاینی ئیسلامدا فەرموودەکانی پێغەمبەر محمد (درودی خودای لەسەر بێت) بە دووەم سەرچاوە دادەنرێت لەدوای قورئانی پیرۆز لە بونیادی بنەماو یاساکانی شەریعەتدا. (سَنَد)یش پێوەرێکە بۆ جوداکردنەوەی فەرموودەی راست (صحيح) لە فەرموودەی هەڵبەستراو (موضوع)، وە بۆ جیاکردنەوەی فەرموودەی بەهێز-قوی لە لاواز-ضعیف. شارەزایی دەربارەی زنجیرەی گێڕەرەوەکان (سند) جێگەی گرنگییەکی زۆرە لەلای ئەوکەسانەی کە دەربارەی پیاوانی فەرموودە زانیارییان هەبێت. رەخنەگرتن لە (سند) یەکەم هەنگاوی رێبازی توێژینەوەیە لە ئەدەبیاتی فەرموودەدا. بۆیە ئەگەر رەخنە لە (سند) گیرا، چیدی پێویست بە رەخنەگرتن ناکات لە دەق (متن) ([١٧]). لەم رووەوە سوفیانی

سەوری دەڵێت: «إسناد چەکی ئیماندارە، ئەگەر ئیمانداران چەکیان پێ نەبوو ئیتر بەچی شەر دەکەن»([١٨]). هاوکات بنەمایەکی شەرعیش هەیە کە دەڵێت: «هەرشتێك لەسەر بنەمایەکی بەتاڵ بونیادنرا، ئەوا بۆخۆی بەتاڵە - ما بني على باطل فهو باطل.» ([١٩])

لەڕاستیدا، زانایانی مسوڵمانی فەرموودەناس بۆ ڕاستیو دروستی فەرموودەکان، بەچەند پێوەرێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی فەرموودە، بەر لەهەموو شتێك گرنگییان داوە بە (سند)، پاشان دەق (متن). لەبەرامبەردا، وەك هاسەر ئەیاز ئاماژەی بۆ دەکات، ڕۆژهەڵاتناسان، بە هەبوونی ئامانجی خۆیان بۆ هەڵسەنگاندنی فەرموودە، زۆرترین گرنگییان داوە بە دەق (متن)([٢٠]). پاشان بەهۆی تێنەگەیشتن، یان خۆتێنەگەیاندن لە دەق، هەوڵی ڕەتکردنەوەی سەنەدیان داوەو پێیان وایە کە سەنەد شتێکی دروستکراوە بۆ بە ڕاستدانانی دەق.

لەسەرەتادا، هەریەك لە گۆڵدزهێر و شاخت پێیان وایە کە نزیکەی دوو سەدە دوای وەفاتی پێغەمبەری ئیسلام زانایانی مسوڵمان هەستاون بە دروستکردنی فەرموودەو پاشان بۆ دروستێتی فەرموودەکانیش (سند)یان دروستکردووە. بۆ نموونە، گۆڵدزهێر دەڵێت: «کاتێك عبدالمليك کوڕی مەروان ویستوویەتی کە خەڵکی لە حەجکردن بۆ شاری مەککە بوەستێنێت، وە ویستوویەتی لەبری کەعبە خەڵکی بەدەوری (قبة الصخرة)دا تەواف بکەن، بۆ ئەم کارەش (إبن شهاب الزهري) هەستاوە بە دروستکردنی فەرموودەی «لا تشد الرحال إلا إلى ثلاثة مساجد: المسجد الحرام، ومسجد الرسول صلى الله عليه وسلم، ومسجد الأقصى»، تاوەکو خەڵکی شام لەبری چوونیان بۆ حەج بۆ شاری مەککە بچن بۆ بەیتولمەقدیس. پاشان دەرکەوت بۆیان کە ئەم فەرموودە زۆر زیادەڕەوی پێوە دیارە، بۆیە دواتر فەرامۆشکراو فەرموودەیەکی پەیوەستکراوی تر بەم بابەتەوە دروستکرا کە دەڵێت: (تەنها نوێژێك لە بەیتولمەقدیس باشترە لە هەزار نوێژ لە شوێنەکانی تر)، تەنانەت باشترە لە نوێژکردن لە مەککە یان مەدینەش. پاشان کە بینرا عبدالمليك سەرکەوتوو بوو لەوەی وا لە خەڵکی بکات بەلایانەوە یەکسان بێت حەج بکەن بۆ بەیتولموقەدەس یاخود مەککە، ئیتر خەڵکی هەرگیز ماندوو نەدەبوون لە دروستکردنی فەرموودە بۆ ئەوەی پیرۆزی بدەن بە نزرگەکانی سوریاو یەکسانیان بکەن لەگەڵا شوێنە پیرۆزەکانی حیجاز.([٢١]) »

گۆڵدزهێر لەم بەسەرهاتەدا تەنها پشتی بە کتێبی (تاريخ اليعقوبي) بەستووە. ڕاستیەکەش ئەوەیە کە یەعقوبی (٢٩٢هـ مردووە) ئەم گێڕانەوەی باسکردووە لەکتێبەکەیدا بەناوی «تاريخ اليعقوبي»([٢٢]). بەڵام ئەوەی کە لە خوێنەرە ڕۆژئاواییەکان شاراوەیە ڕاستییەکی گرنگە لەم ڕووداوەدا کە ئەویش ئەوەیە: گۆڵدزهێر هاتووەتە وڵاتانی وەکو عێراقو شامو جەزیرەی عەرەبیو میصر گەڕاوەو بەوردی خوێندنەوەی لەسەر ئیسلام کردووەو زۆر باش لەو ڕاستییە گەیشتووە کە ناکۆکییەکی قوڵی مێژوویی درێژخایەن لەنێوانی سوننەو شیعەدا هەیەو بە شێوەیەکی گشتی بە نەیاری یەکتر هەژمار دەکرێن. واتا بەڵگەهێنانەوەیان لەسەر یەکتر بەتەنها نابێتە وەڵامێکی زانستی باوەڕپێکراو. أحمد بن أبي يعقوب بن جعفر بن وهب بن واضح اليعقوبي مێژوونووسو جوگرافیازانێکی مسوڵمانی شیعە بووەو لە کۆتایی سەدەی نۆیەمی زایینیو لەسەردەمی دەوڵەتی عەباسییەکاندا ژیاوە([٢٣]).

ئەو گێڕانەوەیەی کە گۆڵدزهێر کردوویەتی بە بەڵگە تەنها لە مێژووی یەعقوبیدا هاتووەو سەرچاوەکان هێچ گێڕانەوەیەکی لەو شێوەیان تێدا نییە. ئەمە لەکاتێکدا کە چەندین سەرچاوەی تری پێش یەعقوبی ئەم فەرموودەیان باسکردووەو هیچ ئاماژەیەکی لەو شێوەی تێدا نییە کە یەعقووبیو پاشان گۆڵدزهێر باسی دەکەنو پێیان وایە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لەو سەردەمەدا پیاوانی فەرموودە خۆیان فەرموودەیان هەڵبەستووە. ئەمە لەکاتێکدا کە چەندین فەرموودەی تر هەیە باس لە پیرۆزیو گەورەیی (بيت المقدس) دەکەنو سەنەدەکانیان ناگەڕێنەوە بۆ شامییەکانو بەڵکو بەپێچەوانەوە حیجازییەکان گێڕەرەوەی ئەو فەرموودانەن. بۆ نموونە، فەرموودەی «لا تشد الرحال إلا إلى ثلاثة مساجد: المسجد الحرام، ومسجد الرسول صلى الله عليه وسلم، ومسجد الأقصى»، هەریەکە لە بوخاری([٢٤]) وە موسلیم([٢٥]) لە ئەبو هورەیرەوە گێڕاویانەتەوە. هاوکات حافز ابن حجر لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەدا دەڵێت: «لەم فەرموودەدا گەورەیی ئەم مزگەوتانە نیشاندراونو تایبەتمەندییان پێدراوە، لەبەر ئەوەی مزگەوتێکی وەکو ئەقصا مزگەوتی پێغەمبەرانو قیبلەی یەکەمی گەلانی پێشینو جێگەی حەج کردنیان بووەو لەسەر تەقواو خواپەرستی بونیاد نراوە».([٢٦])

یەکێکیتر لەو بەڵگانەی کە هەریەك لە گۆڵدزهێرو شاخت پێداگری لەسەر دەکەن کە ابن الشهاب الزهري خۆی فەرموودەی دروستکردووەو نووسیویەتییەوە، ئەوەیە کە پاڵپشتی ئەم قسەیە لەو دەقەوە وەرگیراوە کە ابن عبد البر لە مالك بن أنس دەگێڕێتەوە، وتوویەتی: «أول من دوّن

العلم ابن شهاب الزهري»([٢٧]). گۆڵدزهێرو شاخت ئەم دەقەیان وەرگێڕاوە بە مانای (أول من كتب العلم (الحديث) كان ابن شهاب الزهري). وەك دەبینرێت جیاوازییان نەکردووە لەنێوان وشەکانی (دون) لەگەڵ (كتب). هەر بۆیە لێکدانەوەیەکی هەڵەیان بۆ ئەم دەقە کردووەو وایان نیشانداوە کە مێژووی نووسینەوەی فەرمووده دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زوهریو لە کۆتایی سەدەی یەکەمو سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی بووە. بۆیە گرنگە کە خوێندنەوەی ئەو دەقە لەسەر ئەو بنەمایە بکرێت کە یەکەم کەس کە تدوینو تەصنیفی فەرمووده کۆکراوەکانی پێشووی کردووە ابن شهاب الزهري بووە.([٢٨])

لەلایەکیترەوە ڕۆژهەڵاتناسان ڕای جیاوازیان هەیە سەبارەت بە لەپێشینەیی ئیبنو شیهابی زوهری لە کۆکردنەوەو نووسینەوەی سوننەتدا. هەندێك ڕۆژهەڵاتناسی وەکو (موير) ئەو گێڕانەوەیان وەرگرتووە کە ئاماژە دەدات بە لەپێشینەیی زوهری لە نووسینەوەی سوننەتدا، بەڵام لە سەرنجێکیدا پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتو دەڵێت هیچ کۆمەڵە نووسراوێکی باوەڕپێکراومان نییە لەپێش ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچییەوە([٢٩]). هەروەها غیوم دەڵێت: ئەم گێڕانەوەیە بە دروستکراو دادەنرێت([٣٠]). بەهەمان شێوە ماکنسن ڕوس ستێلهۆرن ئاماژە دەدات بە وتەی غیوم و هەندێکیترو گومانەکانیان لەسەر دروستی گێڕانەوەکە دەخاتە ڕوو([٣١]). بەڵام گۆڵدزهێرو شاخت زۆر لەوان پەڕگیرترو زیاتر دەڕۆن. شاخت دەڵێت: « بۆ زانینی ئامانجەکانی ئەم گێڕانەوە دروستکراوە بڕوانە ئەوەی گۆڵدزهێر لە کتێبی (Muslim Studies)، وە میرزا كازم بەگ لە کتێبی (الرسالة الآسيوية)دا نووسیویانە»([٣٢]). لەشوێنێکیتردا شاخت دەڵێت: «گێڕانەوەو فەرمووده فیقهییەکان زۆر گرانە بتوانرێت تەنها دانەیەکیان بە دروست دابنرێت، چونکە دەماودەم لە خەڵکەوە وەرگیراون، لە نیوەی یەکەمی سەدەی دووەمی کۆچیو دواتر نووسراونەتەوە»([٣٣]). لەبەر ڕۆشنایی ئەم وتانەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە شاخت لای وایە سوننەت لەسەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو لەلایەن ئیبنو شیهاب نووسراوەتەوە، هەرچی گێڕانەوەشە لەم بارەوە هەمووی درۆو دروستکراون، بەڵکو لەدوای ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیەوە دەستکرا بە نووسینەوەیان.([٣٤])

بەهەمان شێوە شاخت ڕای وایە هەرچەندە (إسناد) گرنگترین هەرەمی بەشی فەرمووده پێکدەهێنێت، هاوکات ویستو ئارەزوویەکی بەهێز هەبووە بۆ دروستکردنو گەشەپێدانی، تاوەکو دواتر بتوانرێت بڕوای پێبکرێتو بکرێتە بنەمای بڕوابوون بە فەرموودەکان لە زۆرینەی بابەتە شەرعییەکاندا. بۆیە شتێکی زانراوە کە إسناد لە بنچینەیەکی سادەی سەرەتاییەوە دەستی پێکردووەو گەیشتووە بە پلەیەکی تۆکمەو تەواو لەدەمی کۆکردنەوەی فەرموودەدا لە نیوەی دووەمی سەدەی سێهەمی کۆچی([٣٥]). بەپێچەوانەی ڕاو بۆچوونەکانی شاخت، إسناد سەرەتایەکی دوورتری هەیەو هەر لە بناغەدا بە یەکێك لەگرنگترین بنەماکانی ناسنی فەرمووده دەستنیشان کراوە. بەڵکو بەر لە سەردەمی کۆکردنەوەی فەرموودەش، تەنانەت قوتابیانی زانستە شەرعییەکان هەرگیز بەبێ ئیسنادێکی باوەڕپێکراو فەرموودەیەکیان لە مامۆستاو شێخەکەیانەوە وەرنەگرتووەو بەڕاستیان نەزانیوە. هەر لەم بارەیەوە امام مالك فەرموویەتی: «ئیسناد بەشێکی ئاینەو ئەگەر ئیسناد نەبووایە ئەوا خەڵکی هەرچییەکیان بویستایە دەیان وت»([٣٦]). لەلایەکیترەوە دەبنین شاخت بۆ توێژینەوەکانی هەمیشە پشتی بە پەڕاوەکانی الموطأ-للإمام مالك، الأم-للإمام الشافعي بەستووە. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەمانە پەڕاوی فیقهیین. توێژینەوەی ئەم پەڕاوە فیقهییانەش بەس نین بۆ لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر زانستی فەرموودەو گەشە پێدانی ئەم زانستە.

لەجێگەیەکیتردا شاخت ئاماژە بەوە دەکات گەڕانو کنەکردن بەدوای -إسناد-دا دوابەدوای ئەو (فتنة-ئاژاوە)یە دەستی پێکردووە کە لەدوای کوشتنی وليد بن يزيد هەڵگیرسا لە کۆتایی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان، لە ساڵی ١٢٦ی کۆچی([٣٧]). بەپێی لیکدانەوەکانی شاخت ئەوە ئەو ئاژاوەیە نەبوو کە لە سەردەمی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی عەفان هەڵگیرسا، بەڵکو ئەو ئاژاوەیە بوو کە لەسەردەمی وليد بن يزيد بوو. وشەی (فتنة-ئاژاوە) کە شاخت لە ئیبن سیرین وەریگرتووەو ئەو جۆرە لێکدانەوەی بۆ کردووە ئەوەیە کە ئیبن سیرین دەڵێت: «پێشتر هیچ کەس پرسیاری لەبارەی (اسناد)ەوە نەدەکرد، پاش ئەوەی (فتنة-ئاژاوە) سەریهەڵدا پرسیار دەکرا کە ناوی پیاوانی فەرموودەمان پێ بڵێ، لەم ڕووە فەرمووده لە ئەهلی سوننە وەردەگیراو فەرمووده لە ئەهلی بدعە وەرنەدەگیرا».([٣٨])

شاخت لە پەراوێزی ئەم گێڕانەوەیەی ئیبن سیرین بەبێ ئاماژەدان بە لاپەڕەی سەرچاوەکان بەم شێوەیە سەرچاوەکانی هێناوە: «مسلم، پێشەکی: باب بيان أن الإسناد من الدين؛ ترمذي، لەکۆتایدا؛ بەبێ ئاماژەدان بە زەمەنو کاتەکە لە الدارمي دا، پێشەکی: باب في الحديث عن

الثقات»([٣٩]). لەم پەراوێزەوە شاخت ویستوویەتی ئەوە نیشان بدات کە هەریەکە لە مسلمو ترمزی بەڕوونی باسی کاتو ساتی ئەو ئاژاوەیان کردووە، بەڵام الدارمي ئاماژەی بە کاتو زەمەنی ئاژاوەکە نەکردووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە نە لەم سێ سەرچاوەو لە لە هیچ سەرچاوەیەکیتردا ئیبن سیرین هیچ ڕوونکردنەوەیەکی وردی لەسەر ئەم فیتنەو ئاژاوەیە نەداوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە أكرم العُمری ئەو دەستەواژەیەو کاتی ئاژاوەکە دیاری دەکات کە ئیبن سیرین هێناویەتیو دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئاژاوەی کوشتنی عثمان بن عفان، ئەمەش بە لێکدانەوەی چەند دەقێکی خودی ئیبن سیرین کە لە چەند شوێنێکیتردا هاتووە([٤٠]). لەلایەکیتریشەوە سەربارى ئەوەی وشەی (فتنة) لەلای زانایانی مسوڵمان زۆرترو زیاتر بۆ ئەو ئاژاوەیە بەکارهاتووە کە پێشەوا عوسمانی کوڕی عەفانی تێدا شەهید کرا، هاوکات دەتوانین ئەو ڕاو بۆچوونەی شاختو گۆڵدزهێرو ڕۆژهەڵاتناسەکان بەم خاڵانەی خوارەوە پوچەڵ بکەینەوە:

- فتنة-ئاژاوەی وليد بن يزيد لەساڵی ١٢٦ی کۆچی ڕوویداوە کە ئەمەش ١٦ ساڵ لەدوای مردنی ئیبن سیرین دێت کە لە ساڵی ١١٠ی کۆچی وەفاتی کردووە. بۆیە ئاستەمە ڕاستی ئەم بۆچوونە بسەلمێنرێت([٤١]).

- لەنێو دەقەکەدا دەستەواژەی (فلما وقعت الفتنة) هاتووەو وشەی (وقعت) بەمانای (ڕوویدا) لەڕابردوودا دێت، نەوەك باس لە داهاتوو بکات.

- لەسەردەمی گەورە تابیعیندا ساغکردنەوەی سەنەد گەشتووەتە لوتکەو زانایانی وەکو عروة بن زبير (٢٣-٩٤ك)، حسن البصري (٢١-١١٠ ك)، محمد بن سيرين (٣٣-١١٠ك) ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لەم ساغکردنەوەیەدا([٤٢])، هەموو ئەم کەسایەتییانەش پێش ساڵی ١١٠ی کۆچی ژیاون.

سەربارى لەبنەڕەتدا هەموو لقو بەشێکی زانستی ڕێبازی توێژینەوەی تایبەت بەخۆی هەیە. ڕێبازەکانی توێژینەوەی فەرموودەش بۆ خۆیان هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکی خۆیانن‌و جودان لە ڕێبازەکانی تری وەکو ڕێبازی توێژینەوەی أصول، فقه، تفسیر. بەڵام وەك دەبینرێت گرفتەکانی ڕێبازی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسانو بەتایبەت شاختو گۆڵدزهێر لە لێکۆڵینەوەی سەنەدی فەرموودەدا ئەوەیە کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان بە پەڕاوە فقهیەکان بەستووە، وەکو پەڕاوی (موطا) مالیکی کوڕی ئەنەسو (أم)ی امام شافعی، وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێداوە. ئاشکرایە ڕێبازی ئوصولییەکانو فەقیهەکانیش تایبەتمەندی خۆیان هەیەو بەپێی گرنگی بابەتە فیقهییەکان زۆرجاران ڕەچاوی ئەم خاڵانە دەکرێت:

- پشتگوێخستن یان بڕینی بەشێکی (سند) و گرنگیدان بەخستنەڕووی دەق (متن)، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی (فقهو أصول).

- بڕینی (سند) بە تەواوی بەهەمان شێوە تایبەتمەندییەکی ترە، کە تەواو ناکۆکە لەگەڵ ڕێبازی فەرموودەناسیداو توێژینەوەی سەنەددا.

- تێکەڵکردنی دەقەکانی (سُنّة)و (سيرة) پێکەوە بەهەمان شێوە تایبەتمەندی پەڕاوە فقهییەکانە.

- گۆڕانکاری لەدەقە فیقهییەکاندا بەپێی گۆڕینی کات گونجاو و ڕێگەپێدراوە، «لا ينكر تغير الأحكام بتغير الأزمان»([٤٣]). بەپێچەوانەوە لە ڕێبازی توێژینەوەی سەنەدی فەرموودەکاندا هەرگیز ڕێگەی تێنادرێت.

- بابەتە فقهیو ئوصولییەکان چەند بنەمایەکی گشتگیرو گشتین کە حوکمی بابەتە تایبەتەکانیان لەژێردا جێدەبێتەوە. بەپێچەوانەوە پەڕاوەکانی فەرموودە گشتگیر نین‌و زۆریش تایبەتمەندن بە کاتو بابەتو ڕووداوەکانەوە.([٤٤])

- وەك هەریەك لە پەڕاوە دەستووریو یاساییەکان، بە هەمان شێوە پەڕاوە فیقهیو ئوصولییەکان گرنگیان داوە بە کورتو پوختی دەقەکان، بەجۆرێك زۆرترین مەبەستو مانا لە کەمترین دەقدا جێگەی ببێتەوە([٤٥]). بەپێچەوانەوە پەڕاوەکانی فەرموودەو ڕێبازی توێژینەوە لەم بوارەدا گرنگی بە سەنەد دەدەن کە ڕەنگە ئەو سەنەدە چەند دێڕێکی زۆر بێتو دەق (متن)ی فەرموودەکە تەنها چەند وشەیەکی کەم بێت.

بەم پێیە هەڵەیەکی نەشیاوە بۆ ڕۆژهەڵاتناسان ئەم لایەنە گرنگانەی ڕێبازی توێژینەوەی سەنەدی فەرموودەیان فەرامۆش کردووەو بگرە بەپێچەوانەوە بۆ توێژینەوەی سەنەد سەرچاوە فقهییەکانیان بەکارهێناوەو بەتەواوەتی پشتیان پێ بەستوون‌و ئەمەش وەهای کردووە نەگەن بە دەرئەنجامێکی ڕاستو دروست لەبارەی سەنەدی فەرموودەکانەوە، بەڵکو بە ئاستەمیان زانیوە تەنها سەنەدێکی ڕاستو دروست هەبێت بگاتەوە بە پێغەمبەری ئیسلام. هەر بۆیە لە چەندین شوێندا بۆ قسەکردن لەسەر بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامیی، جۆزیف شاخت پێداگری

لەسەر ئەوە دەكات كە زۆر بە ئاستەم دەبینرێت فەرموودەیەك هەبێت راستو دروست (صحيح) بێت لەو فەرموودانەی كە كراون بە بنەمای شەرعیو یاسایی لە ئیسلامدا، بەڵكو لە نیوەی یەكەمی سەدەی دووەم بەدواوە -تراديشناليستەكان-Traditionists- خۆیان ئەم فەرموودانەیان خستۆتە نێو زنجیرەیەكی گێڕانەوەی لێكدانەبڕاو تاوەكو هیچ گومانێك هەڵنەگرێت. ([٤٦])

هەریەك لە ئیگناز گۆڵدزهێرو جۆزیف شاخت بەتایبەت، وە چەندین رۆژهەڵاتناسی تری وەكو جوینبۆڵ، هۆرۆڤیتز، وێنسنكو وات لەتوێژینەوەكانیاندا لەسەر فەرموودە، بەشێوەیەكی گشتی، گەیشتوون بەم خاڵانەی خوارەوە:

١. زۆربەی فەرموودەكان پشتبەستوون تەنها بە گێڕانەوەی زارەكی (Mere Oral Transmission)، وە پاشان بەم شێوە زارەكییە پرۆسەی تۆماركردنی فەرموودەكان دەستی پێكردووە.

٢. ژمارەی ئەو فەرموودانەی لە ئەمڕۆدا بەردەستن زۆر زیاترن لەو فەرموودانەی كە لە سەرەتای كۆكردنەوەی فەرموودەدا تۆماركراون.

٣. ئەو فەرموودانەی كە لە هاوەڵانی گەنجەوە گێڕراونەتەوە ژمارەیان زۆر زیاترە لەو فەرموودانەی كە هاوەڵانی بەتەمەن گێڕاویانەتەوە.

٤. زۆرینەی فەرموودەكان لەگەڵ یەكتر ناكۆكو دژ یەكن.

٥. رەخنەگرتن لە زنجیرەی گێڕەرەوەكانی فەرموودە (سند) لەسەر حسابی گوێپێنەدانی ئەگەرەكانی ساختەكاری دەق (متن) بووە. واتە: فەرموودەناسان گرنگییان بە راستو دروستی زنجیرەی گێڕەرەوەكانی (سند) داوەو دەق (متن)یان فەرامۆش كردووە.([٤٧])

دەكرێت لێرەدا بە كورتی وەڵامی ئەم پێنج خاڵەی سەرەوە بخەینە بەردەستی خوێنەرو لە جەند خاڵێكدا تیشك بخەینە سەر لایەنە راستییەكانو گومانەكان بڕەوێنینەوە، بەم شێوەیەی:

أ. لەڕاستیدا بەشێك لە فەرموودەكان لەلایەنی هاوەڵانەوە نووسراونەتەوە، وە ئەو نووسراوانەش ناوبراون بە (صحيفة) كە دواتر لەلایەنی ئەم كەسانەوە بۆ قوتابیو فێرخوازانی فەرموودە خوێندراونەتەوە. كەواتە مێژووی نووسینەوەی بەشێك لە فەرموودەكان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاوەڵانو پاشان شوێنكەوتووان- تابعين، وە هاوكات بەشێكیش دواترو لەڕێی گێڕانەوەی زارەكییەوە نووسراونەتەوە. بۆیە دەستەواژەی - تەنها گێڕانەوەی زارەكی- بۆ زۆرینەی فەرموودەكان نادروستو هەڵەیە.

ب. دوای كۆكردنەوەی فەرموودە بە چەند قۆناغو چەند پێوەرێكی وردی زانایانی مسوڵمان، شتانێكیتر دروست نەبوون بەناوی فەرموودەی دروست (صحيح).

ج. ئەوە شتێكی راستو دروستە كە هاوەڵانی گەنج زیاتر لە هاوەڵانی پیرو بەتەمەن ژمارەیەكی زۆر زیاتر فەرموودەیان گێڕاوەتەوە. چونكە هاوەڵانی پیر هەر لە دوای كۆچی دوای پێغەمبەری ئیسلام زووتر وەفاتیان كردووەو زۆر نەژیاون، بۆ یە نەیاتوانیوە زۆرینەی ئەو فەرموودانە بگێڕنەوە كە لە پێغەمبەریان بیستووە. بەپێچەوانەوە هاوەڵانی گەنج، وەكو ئەبو هورەیرە، ئیبو عەبباس، وە چەندانی تر ساڵانێكی زیاتر ژیاون لەدوای پێغەمبەر. بەم هۆیەوە، دەبینرێت ژمارەیەكی زۆر فەرموودە لە هاوەڵانی گەنجەوە ریوایەت كراون. هاوكات تۆماس رۆبینسن-Thomas Robinsonیش، كە رۆژهەڵاتناسێكی بەریتانییە، گوتوویەتی كە تراديشتاليستەكان - المتمسكون بالتقاليد- نەیانتوانیوە لەخۆیانەوە فەرموودە هەڵبەستن.([٤٨])

د. گرنگترین پێوەری زانایانی فەرموودە ئەوەیە راستو دروستی سەنەدو مەتن لە ئەدەبیاتی فەرموودەدا دوو بەشی زۆر گرنگی پێكەوە بەستراون. چونكە رەنخنەگرتن لە سەنەد رەخنەگرتنیشە لە مەتن. هاوكات چەندین مەتنیش هەبووە كە زانایان قسەو رەخنەیان لەسەری هەبووە.

دیسان هەریەك لە ئیگناز گۆڵدزهێرو جۆزیف شاخت پێداگری لەسەر ئەوە دەكەن كە دوای چەند سەدەیەك لە وەفاتی پێغەمبەری ئیسلامو لەسەرو بەندی نووسینو پێكهێنانی شەریعەتی ئیسلامدا، زانا مسوڵمانەكان بۆ نووسینەوەی بنەما شەرعییەكان تەنها پشتیان بە فەرموودە نەبەستووە، بەڵكو عەقڵو ژیری خۆیانو هەندێكجار یاسا رۆمانییەكانیش پشتیان پێ بەستراوە([٤٩]). بەڵام پاتریشیا كرۆن بڕوای وایە كە بەڵگەكانی پشت بەستنی شەریعەتی ئیسلامی بەیاساكانی رۆمان زۆر نادروستو لاوازن([٥٠]). هاوكات دەبینین زۆربەی بنەما شەرعییەكانی ئیسلام هەمیشە پاڵپشت كراون بە ئایەتەكانی قورئانی پیرۆزو پاشان فەرموودە راستەكانی پێغەمبەری ئیسلام. لەگەڵ ئەمەشدا بۆ چەند بنەمایەكی كەمیش پشت بە كۆدەنگی زانایانو قیاسو چەند پێوەرێكیتر بەستراوە، بەڵام ئەمەش لەكاتێكدایە كە ئەو بنەمایەی لەسەر ئەم

پێوەرانە دادەنرێت نابێ ناکۆك بێت لەگەڵ قورئانو فەرموودەکانداو لە کاتی نەبوونی دەق روونو راشکاودا پەنا بۆ ئەم پێوەرانە دەبرێن. کەواتە ئەگەر لەم چوارچێوەیەشدا یاسایەکی رۆمانی یان هەرنەتەوەیەکی تر سودی لێوەرگیرابێت هیچ گرفتێك دروست ناکات.

لەگەڵ بوونی تەواوی ئەو وەڵامانەی سەرەوە، هاوکات پرسیارێکی زۆر جەوهەری دێتە پێش: ئایا ئەگەر دروستکردنو هەڵبەستنی فەرموودەکان لەو دوو سەدەیەدا هێندە ئاسانو سادە بووە، بۆ پێویستی کردووە کۆکەرەوانی فەرموودە چەندین مانگو ساڵو دەیەیان بە گەڕانو کنەکردن بەدوای فەرموودەکاندا بەسەربردووە، وەکو گۆڵدزهێرو شاختیش دان بەم راستییەدا دەنێن؟ بۆ نموونە، سعید بن المسیب (١٣-٩٤ك) چەندین رۆژو شەوگەڕاوە بۆ وەرگرتنی تەنها یەك فەرموودە([٥١]). کەواتە ئەگەر هەڵبەستنو بە صحیح-کردنی فەرموودەکان هێندە سانا بوونایە، ئەوا بێگومان کۆکەرەوانی فەرموودە خۆیان دەیانتوانی زۆرێك لە فەرموودەکان هەڵبەستنو هێندەش خۆیان ماندوو نەکەن، چونکە لەم رووەوە هەڵبژاردنێکی ئاسانتریان لەبەردەست دەبوو.

لەلایەکیترەوە ئەوە روونە کە پرسیارکرن لە سەنەدی فەرموودەکان هەر لەسەردەمی هاوەڵانو پاشان شوێنکەوتووان-تابعین-ەوە سەری هەڵداوەو بۆ راستو دروستی فەرموودەکان پرسیار لە بارەی کەسایەتی زنجیرەی گێڕەرەوەکانەوە کراوە، بەڵام هەمیشە دەستەو گروپێکی بەرچاو لە رۆژهەڵاتناسەکان هەوڵیان داوە پێداگری لەسەر ئەوە بکەن کە سەرهەڵدانی پرسیارکردن دەربارەی سەنەد چەند سەدەیەك دوای وەفاتی پێغەمبەری ئیسلام بووە. بەمەش دەیانەوێت بگەن بەو دەرئەنجامەی کە ئاستەمە دوای نزیکەی سێ سەدەو تەنها بەشێوەی زارەکی سەنەدی فەرموودەکان بەڕاستو دروستی پێکەوە گرێ بدرێنەوە تا دەگەن بە پێغەمبەری ئیسلام. ئیگناز گۆڵدزهێرو جۆزیف شاخت دیارترینی ئەو رۆژهەڵاتناسانەن کە لەم بوارەدا هەوڵی دیارو بەچاویان داوە.([٥٢])

**توێژبەندی چوارەم: رێبازی رۆژهەڵاتناسان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ (متن)ی فەرموودەکان**

شان بەشانی قسەکردنیان لە سەر بابەتەکانی قورئان و بیروباوەڕیو مێژووی ئیسلامی، رۆژهەڵاتناسان فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلامیان کردووەتە ئامانج و لە سەری دوواون. هەوڵیان داوە گومان لە سەر فەرموودە دروست بکەن. ئەمەش بە چەند هەنگاوێك، لەوانە:

هەنگاوی یەکەم: رۆژهەڵاتناس گۆڵدزهێر پێیوایە کە زۆربەی زۆری فەرموودەکان دەرەنجامی پەرەسەندنی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئیسلامە لە سەدەکانی یەکەمو دووەمی کۆچی([٥٣]). بۆ وەڵامدانەوەی ئەم تۆمەتە ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەین:

١. دەقەکانی قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لە سەر بێت) سەلمێنەری ئەوەن کە پێش وەفاتی پێغەمبەری ئیسلام، ئاینی ئیسلام گەیشتە قۆناغی تەواوبوون و سەرجەم پایە سیاسیو تەشریعیو کۆمەڵایەتیەکانی جێگیربوون بەو فەرمانە خودایەی کە دەفەرموێت:} الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا{([٥٤]). پێغەمبەری خوداش دەفەرموێت: «قد تركتكم على البيضاء ليلها كنهارها لا يزيـغ عنها بعدي إلا هالك، من يعش منكم فسيرى اختلافا كثيرا، فعليكم بما عرفتم من سنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين»([٥٥]).

٢. بەڵگەیەکی تری پوچەڵکەرەوەی بۆچوونەکەی گۆڵدزهێرو دەرخستنی ئەو راستەیە کە ئیسلام بە تەواوی گەیشتبووە قۆناغی (گەیینی تەواو – النضج الكامل) ئەوەیە کە خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی رازی بێت) توانی فەرمانڕەوایەتی دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی وەك فارس و رۆم بکات، چاکتر و دروستتر لە بەڕێوەبردنی فارس و رۆمەکان بۆ خۆیان. لێرەدا دەپرسین: ئاخۆ ئەگەر ئیسلام کامڵ نەبوو بوو، ئایا عومەر چۆن توانی ئارامی و دادپەروەری و بەختەوەری و سەقامگیری بەرپا بکات لەو دوو ئیمپراتۆرە پانو بەرینەدا، بە شێوەیەك کە دانیشتوانی ئەو ناوچانە پێشتر نەیان دیبوو([٥٦])؟

٣. بەڵگە نەویستە کە قورئانو سوننەت چەندین یاسای گشتگیر و پرنسیپی گشتییان لە خۆگرتووە کە گونجاوە بۆ هەموو سەردەمێك و گشت پارچەیەکی ئەم سەرزەمینە. وە زانایان و بیرمەندانی ئیسلام بە درێژایی مێژووی ئیسلام سوودیان لەو یاساو پرنسیپانە بینیوە بۆ هەڵهێنجانی حوکمی هەر بابەتێکی تازەو لەناکاو. ئەم هەڵهێجنراوانەش فەرموودە نین و هیچ کام لە زانایانی ئیسلام نەیان وتووە ئەمە فەرموودەیە. وە ئیسلام کۆمەڵێك یاساو رێسای گشتی لەخۆ گرتووەو گونجاوە بۆ هەموو سات و گشت جێگایەك، وەك ئاماژەمان پێدا، کەواتە هیچ پێویست بەوە

ناکات موسڵمانان کۆمەڵێك فەرموودە هەڵبەستن بۆ گۆڕانکاریە نوێیەکانی ژیانیان.

٤. هاوەڵانی پێغەمبەری ئیسلام لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای دەوڵەتی ئیسلامی لە سەرجەم ناوچەکان بڵاوبوونەوەو پەیامی ئیسلامیان بەو شوێنانە گەیاندووە، خەڵکەکەش ئیسلامیان وەك بیروباوەڕ و شەریعەت و ئاکار و رەوشت قەبوڵ بووەو. لەگەڵ ئەوەی ناوچەکان دوورو چوونیەك نەبوون، بەڵام جیاوازیەك بەدیناکرێت لە نێوان پەرستش و ئاکارو رەوشتی موسڵمانێك لە باشوری ئەفەریقاو موسڵمانێك لە باکوری چین. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەگەر ئیسلام دەرەنجامی پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە، وەك جۆڵدزهێر دەڵێت، ئاخۆ چۆن نوێژ و رۆژو و زەکات و هتد، ئەم ناوچانە سەرباری دوورییان چوونیەکەو جیاوازی تێدا بەدی ناکرێت وەك ئەسڵ و بنەڕەت([٥٧])؟

هەنگاوی دووەم: رۆژهەڵاتناسان پێیان وایە کە فەرموودە دوای دوو سەدە لە کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام (درودی خودای لەسەر بێت) هەڵبەستراوەو دروستکراوە. لێرەدا ئاماژە بە ڕای هەریەك لە کارل برۆکلمانو جۆزیف شاختو ئیگناز گۆڵدزهێر دەدەین. رۆژهەڵاتناس کارل برۆکلمان دەڵێت: زۆربەی ئەو فەرمودانەی وەك سوونەت باسیان لێوە دەکرێت، دوای دوو سەدە لە سەرهەڵدانی ئیسلام دروستکراونو وەدەرکەوتوون([٥٨]). هەر چەندە لە توێژبەندی پێشوو ئاماژەمان بەم خاڵەدا، بەڵام بە پێویستی دەزانین لێرەدا تیشکی زیاتر بخەینە سەر ئەم خاڵە، چونکە رۆژهەڵاتناسان ئەم خاڵە زۆر گەورە دەکەن، بە شێوەیەك توانیویانە کار لەسەر هەندێ لە موسڵمانانیش بکەن، بە تایبەت گروپی (بەناو قورئانیەکان).

لە ڕاستیدا موسڵمانان بە چەند سەدەیەك پێش رۆژهەڵاتناسان، دان بەو راستیەدا دەنێن کە چەندین قسە لە سەر زمانی پێغەمبەری ئیسلام هەڵبەستراون و ناوی (فەرموودە)یان لێنراوەو بە هەموو پێوەرێکی ئاینی و زانستی ناکرێت ئەو جۆرە قسە هەڵبەستراوانە بدرێنە پاڵ پێغەمبەری ئیسلام و ناوی فەرموودەی راستو دروستیان لێ بنرێت. ئەتوانین بڵێین: بوونی (فەرموودە هەڵبەستراوەکان) یەکەمین پاڵنەری زانایان بوو بۆ پاککردنەوەی فەرموودەی دروست لە هەڵبەستراوو درۆ بە هەموو ریگایەکی زانستی و دروست. وە لەبەر ئەوەی فەرموودە دەرەنجامی (هەڵبەستن) نەبووەو نیەو شتێکی لەناکاوو نائاسییە، دەبینین زانایانی ئیسلام بە شێوەیەکی زانستیانە باسیان لە سەرهەڵدان و سەرەتاکانی (هەڵبەستن) کردووەو سەرباری جیاوازی راوبۆچوونیان لە دیاریکردنی سەرهەڵدانی (هەڵبەستن) کە هەندێکیان پێیان وایە هەڵبەستن لە دوای شەهید کردنی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوری عەففان (خوا لیی رازی بێت) سەریهەڵداوە. هەندێکیشیان دەیبەستنەوە بە سەردەمی ناکۆکیەکانی نێوان پێشەوا عەلی و موعاویە (خوا لێیان رازی بێت). پشتبەست بەو قسەی ئیبنو سیرین کە دەڵێت: (موسڵمانان بە گشتی و زانایان بە تایبەتی پرسیاری سەنەدی فەرموودەیان نەدەکرد تا سەرهەڵدانی ناکۆکی و ئاشوبی نێوان موسڵمانان، جا ئەو کات هەرکەس فەرموودەی بگێڕایەتەوە پێیان دەوت: ئادەی ئەو کەسانەمان پێ بڵێ کە فەرموودەت لێوەرگرتووە، ئیتر لێرەوە گوێ دەگیرا لە ئەهلی سوونەت و فەرموودەیان لێوەر دەگیرا، وەتەماشای بیدعەچی و لادەرەکان دەکراو فەرموەیان رەتدەکرایەوەو وەرنەدەگیرا([٥٩]). هەندێکیش پێیان وایە سەرەتای (هەڵبەستن) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی چل و یەکی کۆچی.([٦٠])

پاشان دەبێت ئەو راستیەش بخەینەڕوو کە فاکتەرەکانی (هەڵبەستن) بە دەم پێغەمبەری ئیسلامەوە زۆرن، لەوانە: فاکتەرە سیاسیو ململانێ حزبیەکان، حیکایەتخوانەکان، نەیارانی ئیسلام، وە بەتایبەت ئەوانەی دزەیان کردبووە ناو ریزی موسڵمانانەوەو موسڵمان نەبووبوون، زیندیقەکانو دونیاویستەکان. بەڵام پرسیارەکە لیرەدا ئەوەیە: ئاخۆ زانایان و فەرموودەناسان بێ هەڵویست بوون بەرامبەر ئەم تاوانە گەورەیە (واتە فەرموودە هەڵبەستن) یان هەڵوێستی جددیان هەبووە؟

لێرەدا گەر بمانەوێ هەڵوێستی زانایان و فەرموودەناسان بزانین سەبارەت بە درۆزنەکان و فەرموودە هەڵبەستەکان (الوضاعین) ئەوا چەندین توێژینەوەمان پێویستە. بۆیە لێرەدا وەڵامەکانمان کورت دەکەینەوەو دەڵێین: زانایان و فەرموودەناسان لە بارەی فەرموودە هەڵبەستراوەکانەوە دواون و زۆر بە توندی بە گژی ئەو کەسانەدا چوونەتەوە کە فەرمودەیان هەڵبەستووە. گومانیش لەوەدانیە کە تۆمەتەکانی رۆژهەڵاتناسان بە تایبەت گۆڵدزهێرو شاخت دوورە لە هەموو پێوەرێکی ئەکادیمیو زانستی. وەگەرنا مێژووی خواناسی وراستگۆی پیاوانی سەدەی یەکەم ودووەمی کۆچی شاراوە نیەو پاشانیش فەرموودەناسان و موسڵمانان بەردەوام نەفرەتیان لەو کەسانە کردووە کە فەرموودەیان هەڵبەستووە. لە لایەکی ترەوە خولەفای راشیدین بێ شاهید فەرموودەیان لە کەس وەرنەگرتووە با هاوەڵی پێغەمبەری خوداش بوو بێت. لە لایەکی ترەوە

پێدەچێت گۆڵدزهێر پشت ئەستوور بێت بە قسەی (عبدالکریم بن ابي العوجاء) کە یەکێکە لەوانەی بە قسەی خۆی هەزاران فەرموودەی هەڵبەستوەو زۆرێکیش قسەکەی دەگێڕنەوە کە لەکاتی لەسێدارەدانی وتوویەتی: قوڕ بە سەرتان چیم لێ دەکەن لێم بکەن، بە خوا هەزاران فەرموودەم هەڵبەستووە کە تیایاندا حەڵاڵم تیادا حەرامکردووەو حەرامم تیادا حەڵاڵ کردوە. بەڵام ئەوانەش ئەم قسەیە دەگێڕنەوە وەك (لا تقربوا الصلاة)ـە وەڵامە جەرگبڕەکەی هارونە رەشید بۆ ئەم کەسە ناڵێن کاتێ وتی: «ئای قوڕ بە سەرت ئەی دوژمی خودا! ئەی پیاوانی وەك (ئەبو ئیسحاق فەزاری) و (عەبدوڵای کوری موبارەك) نابینی وەك موو لە ماست درۆکانت دەردەخەن و پیت بە پیت دەریان دەهێنن؟»([٦١])

گۆڵدزهێریش پێی وایە فەرموودە هەڵبەستراوەکان تەنها کاری پیاوانی سەدەکانی دوایی نیە، بەڵکو پیاوانی کۆنی ئیسلام هەندێکیان هەڵبەستووە و مۆرکی هەڵبەستنی پێوە دیارە. گۆڵدزهێر بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی فەرموودەی «لَا تُشَدُّ الرِّحَالُ إِلَّا إِلَى ثَلَاثَةِ مَسَاجِدَ: الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَمَسْجِدِي هَذَا وَالْمَسْجِدِ الْأَقْصَى»([٦٢]). ئەکاتە بەڵگە، گوایە لە سەردەمی ململانێی نێوان عبدالملکی کوڕی مەروانو عبدالله ی کوڕی زوبێر، ئەم فەرموودەیە لە لایەن زوهریەوە بەفەرمانی عبدالملك ی کوڕی مەروان هەڵبەستراوە بۆ ئەوەی خەڵکی لە بری سەردانی (کعبة)ی پیرۆز، سەردانی (قبة الصخرة) بکەن لە فەلەستین.([٦٣])

ئەم بۆچوونەی گۆڵدزهێر دەرەنجامێکی ناڕاستییەو لە چەند پێوەرێکەوە پوچەڵ دەکرێتەوە:

پێوەری یەکەم: ئەم بۆچوونەی گۆڵدزهێر کۆپی هەمان بۆچوونی هەندێ لە زانایانی شیعەیە بەرامبەر زوهری کاتێك تاوانباری دەکەن بەوەی نزیك بووە لە دەسەڵاتداران و پشتگیری کردون و چاوپۆشی لە ستەمکاریەکانیان کردووە. بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم قسانەش (ابن الوزیر) بە بەڵگەی بەهێز و گومانڕەوێن ڕاستی پەیوەندی نێوان زوهری و دەسەڵاتدارانی ئومەوی باس دەکات. ابن الوزیر دەڵێت: «زەمکردنی زوهری بەوەی لە دەسەڵاتداران نزیك بووە، ئەوە دەخوازێت زەمی زۆرینەی زۆری پیاوچاکان و زانایان بکرێت لەوانەی تێکەڵاوی دەسەڵاتداران و پاشاکانیان کردووە، چونکە کەمینەیەکی زۆر کەم دووربوون لە دەسەڵاتداران([٦٤]). پاشان ابن الوزیر چەند نموونەیەك لەمبارەیە دەهێنێتەوە وەك تێکەڵاوی یوسف پێغەمبەر (درودی خوای لە سەر بێت) لەگەڵ عەزیزی میسر، وە تێکەڵاوی و سەردانیکردنی حەسەنی کوڕی عەلی بۆ لای موعاویەو وەرگرتنی دیاری لێی، وە سەردانیکردن و تێکەڵاوی زانایانی وەکو شافیعی و ئەبو یوسف و موحەمەدی کوری حەسەن بۆ لای هارون رەشید([٦٥]). دوای ئەمانە ابن الوزیر بەرگری لە (زوهري) دەکات و دەڵێت: ئەو قسەیەی هەندێ لە رابەرانی شیعە دەیکەن و دەڵێن: زوهری پشتگیری بەنی ئومەیەی کردووەو لە گەڵیان بووە، ئەمە لە دوو ڕووەوە نادروستە:

• ڕووی یەکەم: زوهری ڕاستی نەشاریوەتەوەو وتوویەتی و لە لۆمەی لۆمەکاران نەترساوە، ئەوەتا زوهری خۆی دەڵێت: ڕۆژێك لای وەلیدی کوڕی عبدالملك بووم ئایەتی }وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ{([٦٦])ی خوێندەوەو پاشان پێی وتم: سەرۆك و گەورەو هەڵبەستی بوختانی عائیشە عەلی بووە، منیش وتم نەخێر ڕاست نیە، چونکە من خۆم لە سەعیدی کوری موسەییب و عوروەی کوری زوبیر و عەلقەمەی کوری وەقاص و خەڵکانی ترم بیستووە هەمووشیان لە عائیشەیان بیستووە وتویەتی: سەرۆك و گەورەو هەڵبەستی بوختانی من عەبدوڵای کوڕی سەلول بووە. ابن حجریش لەمبارەیەوە دەڵێت: وادیارە هەندێ لە بێ خێران و دوژمنانی ئەهلی سوننەت ویستویانە بەم درۆیە بۆ زوهری لە بەنی ئومەیە نزیك ببنەوە، هەر بۆیە ویستویانە ئەم قسەیەی عائیشە بەلاڕێدا بەرن و بشێوێنن، بەڵام زوهری خوا پاداشتی خێری بداتەوە ڕاستی مەسەلەکەی ڕوون کردووەتەوە.([٦٧])

• ڕووی دووەم: زوهری حەقبێژ بووەو بە ئاشکرا زەمی وەلیدی کوری یەزیدی کردوە لای هیشامی کوڕی عبدالملك و داوای لەسەرکار لابردنی وەلیدی کردووە.([٦٨])

پێوەری دووەم: هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی ئەمە ناسەلمێنێت، پاشان ئەم ڕووداوەی (گۆڵدزهێر) باسی لێوە دەکات و زوهری پێ تاوانبار دەکات پووچەڵە، چونکە ئەمە کوفرە و عبدالملیکی کوری مەروان چۆن کارێکی وا دەکات؟ وە ئەگەر عبدالملیك کارێکی لەم جۆرەی بکردایە ئەوا نەیارەکانی لێی بێدەنگ نەدەبوون و لە ناو ئەو چەندین ڕەخنەیەی لە ناوبراویان گرتووە ئەمەشیان باس دەکرد.

پێوەری سێیەم: دەپرسین ئایا (زوهری) ئەو پلەوپایەی هەبووە تا بتوانێت فەرموودە هەڵبەسێت؟ وە ئایا لە توانای زوهریو هەرکەسێکی تردا هەیە حەجی ماڵی خوا هەڵوەشێنێتەوەو جێگرەوەی دابنێت لەکاتێکدا حەج وەك یەکێك لە پایەکانی ئیسلام بە ئایەتی قورئان و فەرموودەی

(صحیح)ی پێغەمبەر (درودی خوای لە سەر بێت) فەرز كراوە؟ وە ئایا ئەم كارەی زوهری چۆن بە سەر زانایانی ئەو سەردەمەدا تێپەڕیوە؟ وە چۆن هاوەڵان و شوێنكەوتوان (التابعین) لەم كارەی زوهری بێدەنگ بوون؟

پێوەری چوارەم: لە ڕووی مێژوویشەوە سەروبەری ئەم بابەتە نادروستە، چونكە مێژوونووسانی ئیسلام ڕای جیاوازیان لەسەر لە دایكبوونی زوهری هەیە كە لە نێوان ساڵی ٥٠-٥٨ی كۆچی لە دایكبووە. وە ڕای دروستیش ئەوەیە كە لە ساڵی پەنجاو یەكی كۆچی لە دایكبووە. وە لە ساڵی ٨٢ كۆچی گەیشتووە بە عبدالملكی كوری مروانو بینیویەتی([٦٩]). لە بەر ئەوە ئەم بەسەرهاتەی (گۆڵدزهێر) باسی لێوە دەكات سەراپای بێ بنەمایەو مێژوویش پاڵپشتی لەم بۆچوونە ناكات، چونكە یەعقوبی كە سەرچاوەی قسەكانی گۆڵدزهێرە ئەم بەسەرهاتەی هێناوە بێ سەنەد. وەك پێشتر ئاماژەمان بۆكردووە یەعقوبی خۆی كەسێكی شیعە مەزهەبەو نەیارێكی سەرسەختی بەنی ئومەیەو بەنی عەباس بووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك گێڕانەوەكەی یەعقوبی ئاماژەی بەوە نەكردووە كە عبد الملك فەرمانی بە زوهری كردبێت كە فەرموودەیەك هەڵبەسێت. ئەمەش دەقی قسەكەی یەعقوبیە وەك خۆی كە دەڵێت: « ومنع عبد الملك أهل الشام من الحج، وذلك أن ابن الزبیر كان یأخذهم، إذا حجوا، بالبیعة، فلما رأي عبد الملك ذلك منعهم من الخروج إلي مكة، فضج الناس، وقالوا: تمنعنا من حج بیت الله الحرام، وهو فرض من الله علینا! فقال لهم: هذا ابن شهاب الزهري یحدثكم أن رسول الله قال: لا تشد الرجال إلا إلي ثلاثة مساجد: المسجد الحرام، ومسجدي، ومسجد بیت المقدس».([٧٠])

لە ڕووی مەتنیشەوە ئەمە لەڕاستییەوە دوورە چونكە بە قسەی جۆلدزهێر بێت -وەك لە بەسەرهاتەكەدا ئەڵێت- گوایە عبدالملك ڕێگری لە خەڵك دەكرد لە حەجی كەعبە چونكە ابن الزبیر دەستی بەسەریاندا دەگرت و دەیكردنە بارمتە، ئەمەش ئەگەر وابێت ئەوا لە نێوان ساڵەكانی ٦٥ بۆ ٧٣ی كۆچی بووە چونكە ابن الزبیر ساڵی ٧٣ی كۆچی كوژراوە، وە زوهری ساڵی ٨٢ چاوی بە عبدالملك كەوتووە، جا ئایا ئەمە لە كوێی ژیریو زانستدا جێی دەبێتەوە كە زوهری ئەم فەرموودەی بۆ عبدالملك دانابێت لە كاتێكدا هێشتا یەكتریان نەدیوە.([٧١])

پێوەری پێنجەم: لەلایەكی ترەوە، فەرمودەی (لا تشد الرحال...) لە چەندین ڕێگای ترەوە ڕیوایەت كراوە بێجگە ڕێگای زوهریو مامۆستاكانی. بۆ نموونە، بوخاری لە ئەبی سەعیدی خودریەوە دەیگێڕێتەوە لە ڕێی جیاواز لە ڕێگەی گێڕانەوەكەی زوهری. هاوكات موسلیم دەیگێڕێتەوە لە سێ ڕێگاوە، یەكێكیان لە زوهریەوەیەو دوانەكی تر لە خەڵكی ترەوەیە. كەواتە تەنها زوهری ئەم فەرموودەی نەگێڕاوەتەوە وەك گۆڵدزهێر پاڵپشتی ڕاو بۆچوونەكانی پێكردووە.

بەهەمان شێوەی گۆڵدزهێر، (جۆزیف شاخت)یش پێی وایە فەرموودەناسان بۆ ئەوەی سەركەوتوو بن بە سەر قوتابخانە فیقهیەكاندا، پەنایان بردووەتەبەر هەڵبەستنی فەرموودەو كۆمەڵێك سەنەدیان ڕێكخستووە. وە قوتابخانە فیقهیەكان بە توندی ڕووبەڕووی ئەم (ڕەوتە فەرموودەییە) بوونەتەوەو بەرپەرچیان داونەتەوە.([٧٢])

بۆ وەڵامی ئەم گومانەی شاخت دەڵێین:

یەكەم: دیارە شاخت وەك هەر ڕۆژئاواییەكی تر فۆرمێكی ڕۆژئاوایی هەڵبژاردووە بۆ توێژینەوەی زانایان و هەڵسەنگاندنیانو بە پێوەرێكی ڕۆژئاوایی مادیگەرایی لە زانایان دەڕوانێت و هیچ بایەخێك بە لایەنی ڕۆحیو غەیبی نادات، لە بەر ئەمە ناوبراو زانایانی ئیسلامی، چ فوقەها وە چ فەرموودەناسانی، وەك خۆیان نەناسیوە كە چەندە بۆ خوا سولحاوبوون و خۆشەویستیان بۆ خوداو پێغەمبەرەكەی بێ وێنە بووە. لەلایەكی ترەوە، زۆربەی زۆری زانایانی ئیسلام، بەتایبەت فوقەهاو فەرموودەناسان، دوور بوون لە دووبەرەكیو بابەتە سیاسیەكان.

دووەم: بەڵگەیەكی تری بەهێز بۆ وەڵامدانەوەی شاخت، بەسەرهاتی پێشەوا ئەحمەدی كوری حەنبەلە، كاتێ سوور بوو لەسەر بۆچوونەكانی خۆی سەبارەت بەوەی كە (قورئان مەخلوق نیە)، وە ئەگەر فەرمووده هەڵبەستن دەرەنجامی ململانێی فوقەهاو فەرموودەناسان بوایە، وەك شاخت پێداگری لەسەر دەكات، ئەوا زۆر بە ئاسانی پێشەوا ئەحمەدی كوری حەنبەل فەرمودەیەكی هەڵدەبەست وەك پاڵپشتێك بۆ بۆچوونەكانی خۆی. وە ئەگەر پێشەوا ئەحمەدی كوری حەنبەل توانای شتێكی لەم جۆرەی نەبوو، خۆ خولەفاكانی بەنی عەبباس كە سوپایەكیان هەبوو لە پیاوانی موعتەزیلە، دەیان توانی فەرموودەیەك هەڵبەستن بۆ سەلماندنی (خەلقی قورئان) و پاڵپشتی بۆچوونەكەیان پێ دەكرد. بەڵام هیچ كام لەم دوو هەڵوێستە ڕووی نەداوە.([٧٣])

لەلایەکیترەوە، بۆ پوچەڵکردنەوەی بۆچوونی دەستتێوەردانی ئەمەویەکان لە هەڵبەستنی فەرموودەدا، دەپرسین: کامەیە ئەو فەرمودانەی کە خەلیفەکانی بەنی ئومەیە هەڵیان بەستووە یان فەرمانیان بە هەڵبەستنی کردووە؟ پێشتر باسی هەڵوێستی زوهریمان کرد کە چۆن گۆڵدزهێر پێی وایە کە فەرموودەی هەڵبەستووە بۆ بەنی ئومەیە. لە لایەکی ترەوە زانایانی ئیسلام و فەرموودەناسان بە تایبەت، هیچ فەرموودەیەکیان بێ سەنەد وەنەگرتووە. هاوکات سەنەدەکانی فەرموودە (صحیح)ەکان کە پارێزرازوە لە کتێبەکانی فەرموودەدا، بە هیچ شێوەیەك راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەو هەزاران سەنەدە ناوی یەکێك لە خەلیفەکانی بەنو ئومەیە وەك عبدا لملك یان وەلید یان یەزید، وە کاربەدەستەکانیان وەك حەججاج و خالد بن عبداللە القسری لەو سەنەدانەدا نیە. ئەگەر ئومەویەکان فەرمانیان بە هەڵبەستنی فەرموودە کردووە، کامەیە بەڵگەی مێژووی و زانستی بۆ سەلماندنی ئەم رایە.([٧٤])

## دەرئەنجامو راسپاردە

پاش ئەوەی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی زانستی وبەڵگەدار وەڵامی گومانەکانی رۆژهەڵاتناسانی دایەوە، لەکۆتایی توێژینەوەکەدا بەشێوەیەکی گشتی ئەم دەرئەنجامانە بەدەستهاتوون: بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە دروستکردنی گومان لە لایەن رۆژهەڵاتناسانەوە لەسەر فەرموودەکان بە گشتی، ئامانجدارو بەمەبەست بووە، بەتایبەت پشتبەستنی هەردوو رۆژهەڵاتناسان ئیگناز گۆڵدزهێرو جۆزیف شاخت بە بەڵگەی لاواز و لێکدانەوەی گوماناوی. هەروەها بێ ئاگابوون یان خۆدزینەوەی رۆژهەڵاناسان لە هەوڵ و کۆششی فەرموودەناسان لەخزمەتکردنی فەرموودەدا، بەتایبەت بایەخدانیان بە رەخنەگرتن لە سەند و مەتن و پیاوانی فەرموودە لە کۆتایی سەدەی یەکەمی کۆچی و سەرەتای سەدەی دووەم، وە پشتگوێ خستنی میتۆدەکانی زانایانی فەرموودەناس بەتەواوەتی لەلایەنی ئەم رۆژهەڵاتناسانەوە، کە ئەگەر لانی کەم پێوەری سەرەکی نەبن، نەدەبوو بەم شێوەیە فەرامۆش بکرێن. بۆ نموونە، میتۆدی رەخنەگرتن لای فەرموودەناسان (دڵنیابوون- التثبت) ە پێش حوکمدان بەسەر فەرموودەدا لەڕووی وەرگرتن یان رەتکردنەوە.

لە راسپاردەکانیشدا گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت کە پێویستە توێژەرانی ئیسلامی هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە لە شیکاریی و توێژینەوەی هەوڵەکانی رۆژهەڵاتناسان، وەهەڵسەنگاندنی رێبازی رۆژهەڵاتناسان بە شێوەیەکی لۆجیكو زانستییانە. لەهەمانکاتدا بەهەند وەرگرتنی هەندێك هەوڵی بێ لایەنانەی رۆژهەڵاتناسانو ساغکردنەوەی چەندین سەرچاوەی گرنگی ئیسلامیی لەلایەنی ئەم کەسانەوە دەبێ لەبەرچاو بگیرێت. هاوکات بایەخدانی موسلمانان چ وەك تاك وە چ وەك دەزگا، بە خستنەڕووی دەرەنجامی توێژینەوەکانیان بۆ رۆژهەڵاتناسیو رۆژهەڵاتناسان، بە تایبەت بابەتە پەیوەندیدارەکانی وەك قورئانو فەرموودە ئەرکێکی گرنگو پربایەخەو دەکرێت شاکاری جوان بەرهەمبهێنێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کۆتا خاڵی گرنگ ئەوەیە هەوڵدانی زانکۆکان بۆ کردنەوەی بەشی پسپۆڕی تایبەت بە رۆژهەڵاتناسی و رۆهەڵاتناسان دەکرێت گرنگی پێ بدرێتو لانی کەم بابەتی «رۆژهەڵاتناسی-Orientalism» لە بەشو کۆلێژە ئاینییەکاندا بخوێنرێت و وانەو بابەتێکی سەربەخۆو گرنگی پێدراوبێت.

**الملخص**

تتناول هذه الدراسة بعض الشبه عند المستشرقين حول الحديث النبوي (سواء من ناحية السند، أو المتن، أو رجال الحديث). وقد كشف الباحثان جهودهما على تحليل هذه الشبه والرد عليها، بصورة علمية ودقيقة. ومنهج استدلالي مبني على الحجج الدامغة. وفي النهاية تظهر النتائج أن الشبه المستشرقين (خاصة شبه جولدتسهير و شاخت) لم تعتمد على دليل علمي أو مصدر موثوق.

**Abstract**

This paper contains an investigation of orientalists arguments and opinions regarding the authenticity of Hadith (the Prophetic Traditions of Islam), especially Sanad (the chain of narration in Hadith) and Matn (the content of narration). The researchers attempt to evaluat the primary sources from orientalists and Muslim scholars to reach the point that why the orientalists claim that it is difficult to preserve and record the all teaching of the Prophet after two centuries from the domes of Prophet Muhammad (peace be upon him); with special reference to Ignaz Goldziher and Joseph Schachts negative views on all Hadiths and their impact on the Western readers and researchers.

## سەرچاوەکان

• قورئانی پیرۆز

ابن خلكان، شمس الدين أحمد بن محمد بن إبراهيم، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق: إحسان عباس، دار صادر، بيروت،١٩٧١.

ابن سيد الناس، محمد بن محمد، عيون الأثر في فنون المغازي والشمائل والسير، تعليق: إبراهيم محمد رمضان، دار القلم، بيروت-لبنان،١٩٩٣.

ابن ماجة، أبو عبد الله محمد بن يزيد، سنن ابن ماجه، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء الكتب العربية - عيسى البابي الحلبي، بلا

الشيباني، خليفة بن خياط، تاريـخ خليفة بن خياط، تحقيق: د. أكرم ضياء العمري، دار القلم, ط٢، مؤسسة الرسالة، دمشق، بيروت، ١٣٩٧هـ.

الصادق الأمين، الأمين، موقف المدرسة العقلية من السنة النبوية (٢)، ط١، شركة الرياض للتوزيع والنشر، ١٩٩٨.

الطحان، محمود، تيسر مصطلح الحديث، مركز الصدى للدراسات، الإسكندرية-مصر، ١٤١٥هـ.

عتر، الدكتور نور الدين، منهج النقد في علوم الحديث، دار الفكر، دمشق-سورية، ١٩٨١.

العسقلاني، أحمد بن علي بن حجر، فتح الباري شرح صحيح البخاري، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار المعرفة، بيروت-لبنان،١٣٧٩هـ.

العُمَري، أكرم ضياء، بحوث في تاريخ السنة المشرفة، ط٥، مكتبة العلوم والحكم، المدينة المنورة، ١٩٨٤.

الغزي، الشيخ الدكتور محمد صدقي بن أحمد بن محمد آل بورنو أبو الحارث، الوجيز في إيضاح قواعد الفقه الكلية، ط٤، مؤسسة الرسالة، بيروت-لبنان، ١٩٩٦.

لوبون، غوستاف، حضارة العرب، ترجمة: عادل زعيتر، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة-مصر، ٢٠١٣.

محمد بن إبراهيم أبو عبد الله، ابن الوزير، العواصم والقواصم في الذب عن سنة أبي القاسم، حققه وضبط نصه وخرج أحاديثه وعلّق عليه: شعيب الأرناؤوط، ط٣، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٩٤.

مسلم، بن الحجاج النيسابوري، المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله صلي الله عليه وسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي، بيروت، بلا تاريـخ.

اليعقوبي، أحمد، تاريـخ اليعقوبي، تدقيق: عبد الأمير مهنا، بيروت: شركة الأعلمي، ٢٠١٠.

عبد المنعم الشيباني، الحماية الجنائية للحق في أصل البراءة، ط١، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٦.

## References

Alshehri, Mohammed Salem, Western Works and Views on Hadith: Beginnings, Nature, and Impact. Marmara Üniversitesi İlâhiyat Fakültesi Dergisi, Cilt-Sayı 46, (Nisan 2014), ISSN 1302-4973,

Ayaz, Hacer, The Differences in Historical Methodology between Juynboll and Motzki Related to Hadith. Erzincan Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Dergisi, 9(1), (2015): 41-46.

Crone, Patricia, Roman, Provincial and Islamic Law. Cambridge: Cambridge University Press, 2002.

Goldziher, Ignaz, Muslim Studies (Muhammedanische Studien). Vol. II. Engl. translation by Barber and Stern, George Allen & Unwin Ltd: Great Britain, 1971.

Guillaume, A., Where was Al-Masyid Al-Aqsa? Al-Andalus: Madrid, 1953.

Kızıl, Fatma, The Views of Orientalists on the Hadith Literature. 2013, Accessed in http://www.lastprophet.info/the-views-of-orientalists-on-the-hadith-literature

Muir, William, The life of Mahomet: from original sources. Smith, Elder, 1861.

Noorudheen, K., Authenticity of Hadith Literature: With Special Reference to Orientalist's Views. Darul Huda Islamic University. Kerala, India, 2013.

Mackensen, Ruth Stellhorn. «Arabic Books and Libraries in the Umaiyad Period.» The American Journal of Semitic Languages and Literatures 52, no. 4 (1936): 245-253.

Schacht, Joseph, The Origins of Muhammadan Jurisprudence. London: Oxford University Press, 1979.

Schacht, Joseph, An Introduction to Islamic Law. Oxford: Clarendon Press, 1982.

[1] . Fatma Kızıl, The Views of Orientalists on the Hadith Literature, (2013) Accessed in http://www.lastprophet.info/the-views-of-orientalists-on-the-hadith-literature.

[2] . Joseph Schacht, The origins of Muhammadan jurisprudence, (London: Oxford University Press, 1979), 6.

[3] . Mohammed Salem Alshehri, Western Works and Views on Hadith: Beginnings, Nature, and Impact, Marmara Üniversitesi İlâhiyat Fakültesi Dergisi, Cilt-Sayı 46, (Nisan 2014), 203.

[٤] غوستاف لوبون، حضارة العرب، ترجمة عادل زعيتر، (مطبعة مصطفى باب الحلبي وشركاه – مصر. ٢٠١٣). ص ٤٠.

[٥] علي بن عبد الحي بن فخر الدين الندوي (ت ١٤٢٠هـ) ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين، مكتبة الإيمان، المنصورة – مصر، بلا، ص ١١٢. أحمد ديدات، مسألة صلب المسيح بين الحقيقة والإفتراء، ص ٣٠ نقلا عن (انجيل متى٢٢/ ٢١). أحمد بن عبد الغفور عطار (المتوفى: ١٤١١هـ). أصلح الأديان للإنسانية عقيدة وشريعة، ١٤٠٠ هـ - ١٩٨٠ م، مكة المكرَّمة، ص ٨٩.

[٦] غوستاف لوبون، سەرچاوەی پێشوو، ١٠٢-١٠٣.

[٧] عبد الملك بن هشام (ت٢١٣) السيرة النبوية، تحقيق: طه عبد الرءوف سعد ، (دار الجيل - بيروت ، ١٤١١هـ)، ٣٢٩/١-٣٣٠.

[٨] محمد بن عيسى أبو عيسى الترمذي، سنن الترمذي، تحقيق: بشار عواد معروف، (دار الجيل . بيروت + دار الغرب الإسلامي . بيروت ، ط٢، ١٩٩٨)، ١٤/٦.

[٩] محمد بن محمد ابن سيد الناس، (ت: ٧٣٤) عيون الأثر في فنون المغازي والشمائل والسير، تعليق: إبراهيم محمد رمضان، ط١، (دار القلم – بيروت، ١٩٩٣/١٤١٤)، ٥٥/١.

[١٠] احمد عزت راجح، اصول علم النفس، (١٩٧٠)، ٤٦٥.

[١١] شوقی ابوخليل، الاسقاط فی مناهج المستشرقين، (دار الفكر المعاصر – بيروت ١٩٩٥)، ص ٢١؛ ئەويش لە: تبدد أوهام قسيس، ل ١٣١.

[١٢] شوقی ابوخليل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٧١.

[١٣] شوقی خليل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە. هەروەها : أكرم بن ضياء العمري، موقف الاستشراق من السُنَّة والسيرة النبوية، الجامعة الإسلامية - بالمدينة المنورة. كلية الدعوة. ص ٧٣ و دواتر.

[١٤] شوقی ابوخليل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٧١.

[١٥] شوقی خليل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٧٥. سعود بن عبد العزيز الخلف، دراسات في الأديان اليهودية والنصرانية، (مكتبة أضواء السلف، الرياض، المملكة العربية السعودية، الطبعة: ٤، ١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م)، ص ٣٥٢-٣٥٤.

[١٦] شوقی خليل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٥. سعود بن عبد العزيز الخلف، سەرچاوەی پێشوو، ٣٦٠، ئەویش لە ئینجلی مەتا ١٠/٥.

[١٧] الدكتور نور الدين عتر، منهج النقد في علوم الحديث، (دار الفكر، دمشق-سورية ١٩٨١)، ٣٤٤-٣٤٥.

[١٨] عتر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٤٥.

[١٩] عبد المنعم الشيباني، الحماية الجنائية للحق في أصل البراءة، ط١، (دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٦)، ٣١٨.

[٢٠] Hacer Ayaz, The Differences in Historical Methodology between Juynboll and Motzki Related to Hadith. Erzincan Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Dergisi, ٩ (١), ٤١-٤٦, (٢٠١٥), ٤٢.

[٢١] Ignaz Goldziher, Muslim Studies (Muhammedanische Studien). Vol. II. Engl. translation by Barber and Stern, (George Allen & Unwin Ltd: Great Britain, ١٩٧١), ٤٤-٤٥.

[٢٢] أحمد اليعقوبي، تاريخ اليعقوبي، تدقيق: عبد الأمير مهنا، (بيروت: شركة الأعلمي، ٢٠١٠)، ١٧٧/٢-١٧٨.

[٢٣] خير الدين بن محمود بن محمد بن علي بن فارس الزركلي، الأعلام، ط٥، (دار العلم للملايين، ٢٠٠٢)، ٩٥/١.

[٢٤] البخاري، محمد بن إسماعيل أبو عبدالله، الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله صلى الله عليه وسلم وسننه وأيامه = صحيح البخاري، المحقق: محمد زهير بن ناصر الناصر، (دار طوق النجاة،١٤٢٢هـ)، ١٤٢٢هـ: ٦٠/٢، ژمارە ١١٨٨).

[٢٥] مسلم، بن الحجاج النيسابوري، المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، (دار إحياء التراث العربي، بيروت، بلا تاريخ)، ١٠١٤/٢، ژمارە ١٣٩٧.

[٢٦] (العسقلاني،١٣٧٩: ٦٥/٣).

[٢٧] أحمد بن الحسين بن علي بن موسى الخُسْرَوْجِردي الخراساني، أبو بكر البيهقي، السنن الصغير للبيهقي، المحقق: عبد المعطي أمين قلعجي، (جامعة الدراسات الإسلامية، كراتشي . باكستان، ١٩٨٩)، ١٢/١.

[٢٨] عماد السيد محمد إسماعيل الشربينى، السنة النبوية في كتابات أعداء الإسلام مناقشتها والرد عليها، بلا مط، (٢٠٠٢)، ٤١٦.

[٢٩] William Muir, The life of Mahomet: from original sources. )Smith, Elder ١٨٦١) I/xxx-xxxi.

[٣٠] A. Guillaume, Where was Al-Masyid Al-Aqsa? (Al-Andalus: Madrid ١٩٥٣), ١٩.

[٣١] Mackensen, Ruth Stellhorn, «Arabic Books and Libraries in the Umaiyad Period.» The American Journal of Semitic Languages and Literatures ٥٢, no. ٤ (١٩٣٦), ٢٤٨.

[٣٢] Schacht, The Origins of (١٩٧٩), Footnote ٣.

[٣٣] Schacht, The Origins of (١٩٧٩), ١٤٩; Joseph Schacht, An Introduction to Islamic Law. (Oxford: Clarendon Press ١٩٨٢), ٣٤.

[٣٤] محمد مصطفى الأعظمي، دراسات في الحديث النبوي وتاريخ تدوينه، (المكتبة الإسلامي، بيروت،١٩٨٠)، ٧٢.

[٣٥] Schacht, The Origins of, (١٩٧٩), ١٦٣.
[٣٦] محمود الطحان، تيسر مصطلح الحديث، (مركز الصدى للدراسات، الإسكندرية-مصر، ١٤١٥هـ)، ١٤١.
[٣٧] Schacht, The Origins of, (١٩٧٩), ٣٦.
[٣٨] أكرم ضياء العُمَري، بحوث في تاريخ السنة المشرفة، ط٥، (مكتبة العلوم والحكم، المدينة المنورة، ١٩٨٤)، ٤٤.
[٣٩] Schacht, The Origins of, (١٩٧٩), ٣٦.
[٤٠] العُمَري، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٤٤-٤٥.
[٤١] الزركلي، الأعلام، ط٥، (٢٠٠٢)، ١٤٩/٣.
[٤٢] عبد الرحمن رأفت الباشا، صور من حياة الصحابيات، (دار الأدب الإسلامي، ١٩٩٧)، ٣٨، ٩٥، ١٢٤.
[٤٣] مصطفى أحمد الزرقا، الفقه الإسلامي في ثوبه الجديد (١) المدخل الفقهي العام، ط٢، (دار القلم، ديمشق، ٢٠٠٤)، ٩٤١/٢-٩٤٢.
[٤٤] الشيخ الدكتور محمد صدقي بن أحمد بن محمد آل بورنو أبو الحارث الغزي، الوجيز في إيضاح قواعد الفقه الكلية، ط٤، (مؤسسة الرسالة، بيروت-لبنان، ١٩٩٦)، ١٥.
[٤٥] الغزي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٤-١٥.
[٤٦] Schacht, An Introduction, (1982), 34.
[47] Noorudheen K., Authenticity of Hadith Literature: With Special Reference to Orientalist's Views, (Darul Huda Islamic University. Kerala, India 2013), 7-8.
[48] Noorudheen, Authenticity of Hadith (2013), 8.
[49] Goldziher, Muslim Studies (1971), 20-21, 209.
[50] Patricia Crone, Roman, Provincial and Islamic Law, (Cambridge: Cambridge University Press ٢٠٠٢), ٣.
[٥١] شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد الذهبي، تأريخ الإسلام، تحقيق: مجموعة من المحققين بإشراف الشيخ شعيب الأرناؤوط، ط٢، (مؤسسة الرسالة، ١٩٨٥)، ٢٢٢/٤.
[52] Goldziher, Muslim Studies, (1971), 22; Schacht, An Introduction, (1982), 34.
[٥٣] اجناس جولدتسيهر، العقيدة والشريعة، ترجمه : محمد يوسف موسى،على حسن عبدالقادر، عبدالعزيزعبدالحق، ط٢/ بلا، (دار الكتب الحديثة – مصر، ٢٠٩٩)، ٤٩-٥٠.
[٥٤] سورةتي المائدة: ٣.
[٥٥] أحمد بن حنبل (ت ٢٤١) مسند أحمد، شعيب الارناؤوط، (عالم الكتب - بيروت.ط١ ، ١٤١٩هـ - ١٩٩٨م)، ١٢٦/٤. تعليق شعيب الأرنؤوط : حديث صحيح بطرقه وشواهده وهذا إسناد حسن. ابن ماجة : ١٦/١ وقال الالبانى : حديث صحيح.
[٥٦] مصطفى السباعى : السنة ومكانتها فى التشريع، (المكتب الاسلامى، بلا سنة)، ٢٢٠ و لاپەڕەكانى دواتر.
[٥٧] الامين الصادق الامين، موقف المدرسة العقلية من السنة النبوية، (مكتبة الرشد- الرياض، ، ١٤١٨هـ-١٩٩٨م)، ٤٥/٢-٤٧.
[٥٨] كارل بروكلمان، تأريخ الشعوب الاسلامية، ترجمة: نبيه امين فارس ومنيرالبعلبكى، ط٨- (بيروت، ١٩٩٥)، ٧١/١.
[٥٩] مسلم بن الحجاج أبو الحسن القشيري النيسابوري (ت: ٢٦١هـ) صحيح مسلم، المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، (دار إحياء التراث العربي – بيروت، بلا سنة)٥١/١.
[٦٠] محمد محمد أبو زهو، الحديث والمحدثون، ط٢، (دار الفكر العربي، القاهرة ١٣٧٨هـ)، ٤٨٠.
[٦١] محمد بهاء الدين، المستشرقون والحديث النبوى، ط١، (دار الفجر- عمان ١٩٩٩)، ٧٦.

[٦٢] صحيح مسلم ١٠١٣/١. سنن الترمذي ، محمد بن عيسى أبو عيسى الترمذي تحقيق: بشار عواد معروف ، دار الجيل . بيروت + دار الغرب الإسلامي . بيروت ،ط٢، ١٩٩٨)، ٤٣٠/١.

[٦٣] گۆلدزیهەر، العقيدة والشريعة، (٢٠٠٩)، ٤٩- ٥٠. وەرگێڕانی عەرەبی.

[٦٤] محمد بن إبراهيم بن علي أبو عبد الله، ابن الوزير (ت: ٨٤٠هـ)العواصم والقواصم في الذب عن سنة أبي القاسم ، حققه وضبط نصه، وخرج أحاديثه، وعلّق عليه: شعيب الأرنؤوط ، مؤسسة الرسالة – بيروت ، ط، ١٤١٥ هـ - ١٩٩٤ م،١٨٧/٨ -١٨٩.

[٦٥] هەمان سەرچاوە ٢٠٧/٨-٢١١.

[٦٦] سورەتی النور: ١١.

[٦٧] أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الشافعي» فتح الباري شرح صحيح البخاري، تحقيق: محب الدين الخطيب- دار المعرفة - بيروت، ١٣٧٩ هـ ، ٤٣٧/٧. )

[٦٨] ابن الوزير، العواصم والقواصم في الذب عن سنة أبي القاسم، (١٩٩٤)، ١٩٢/٨-١٩٣.

[٦٩] زانیاری زیاتر لە: خليفة بن خياط الشيباني(ت: ٢٤٠هـ): تاريخ خليفة بن خياط تحقيق: د. أكرم ضياء العمري، دار القلم , مؤسسة الرسالة - دمشق , بيروت ، ط٢، ١٣٩٧هـ. ١٣٩٧هـ : ٢١٨. شمس الدين أحمد بن محمد بن إبراهيم ابن خلكان (ت: ٦٨١هـ)وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان ، تحقيق: إحسان عباس ، دار صادر – بيروت. ١٧٨/٤. شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد الذهبي (ت: ٧٤٨هـ) تأريخ الاسلام. تحقيق: مجموعة من المحققين بإشراف الشيخ شعيب الأرناؤوط ، مؤسسة الرسالة، ط٢، ١٤٠٥ هـ / ١٩٨٥م،٣٢٦/٥.

[٧٠] أحمد بن إسحاق بن جعفر بن وهب بن واضح اليعقوبي، تأريخ اليعقوبى ، ٢٠١٠: ٢١٤/١.

[٧١] شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز الذهبي سير أعلام النبلاء» دار الحديث- القاهرة. ١٤٢٧هـ-٢٠٠٦م : ٣٧٩/٣

[72] Schacht, An Introductions, (1982, 55.

[٧٣] محمد بهاءالدين، المستشرقون والحديث النبوى، دار النفائس- بيروت، ط١، ١٩٩٩، ص ١٥٤.

[٧٤] مصطفى السباعى : السنة ومكانتها فى التشريع ، المكتب الاسلامى ، بلا. ص ٢٣٠. (السباعي، ٢٠٠٠: ٢٣٠).